تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5727) چوارشەممە 10ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی پەرلەمان بۆ خەبات: لە نزیکترین کاتدا دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە

3



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی دەکات



مەسرور بارزانی پێشوازی لە رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەکات

دوو پێشنیاز لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگەکانی عێراق هەن

خەسرۆ گۆران: جارێ زووە پارتی بۆچوونی خۆی لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگەکان دەربڕێت



دوو پێشنیاز لەبارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق هەن، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی لەبارەوە نەدراوە، ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت: هیچ بڕیارێک نەدراوە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بکرێت. خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنەکانی پارتی بۆ رۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: هیچ بڕیارێک نەدراوە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بکرێت، تەنیا پێشنیارە لە ١٦ی ١١ی ٢٠١٩ هەڵبژاردن بکرێت.

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی کونسوڵخانەی ڕووسیای فیدراڵی کرد

کونسوڵی ڕووسیا رۆڵی بارزانیی نەمری بە گرنگ وەسفکرد لە ناساندنی دۆزی گەلی کورد

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هۆشیاری سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە یاوەری ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی کۆنسوڵخانەی گشتی ڕووسیای فیدراڵیان لە هەولێر کرد بە مەبەستی پیرۆزبایی لە کونسوڵی نوێی ئەو وڵاتە.

سەرەتا هۆشیار سیوەیلی بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی، بەخێرهاتنی ئۆلیگ لیۆڤین کونسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. لەو دیدارەدا باسی لە پەیوەندی لەمێژینەی گەلی کوردستان و ڕووسیا کرا کە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە، هەروەها سیوەیلی سوپاسی گەل و حکوومەتی ڕووسیای کرد کە هەمیشە تێگەیشتنی باشیان هەبووە بۆ دۆزی گەلی کوردستان. ئۆلیگ لیۆڤین کونسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵ سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی کرد بۆ دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیی لە ئەرک و چالاکییەکانی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها لیۆڤین ڕۆنەراڵ بارزانی بە گرنگ وەسفکرد لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان و هەروەها ناساندنی دۆزی گەلی کوردستانی بە وڵاتەکەی. لە میانەی ئەو دیدارەدا باسی لە پەیوەندییەکانی ئیستای هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ کرا و بە پەیوەندییەکی کاریگەر و بە سوود بۆ هەردوولا لە ڕووی سیاسی و ئابووری وەسفکرا. کونسوڵی گشتیی ڕووسیا دووپاتی پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ گەل و هەرێمی کوردستان کردەوە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیل بەڕێوەچوو



16ساڵ بەر لە ئێستا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق دا، شکاندنی پەیکەری سەدام حوسێن لەبەغدا



قاهیرە.. سااڵیادی ڕۆژنامەی کوردستان و خەبات لە ئامێز دەگرێت



ئەمەریکا سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆرەوە



هێزەکانی سووریای دیموکرات ستایشی قارەمانێتیی پێشمەرگەی کوردستان دەکات

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)


حکوومەتی هەرێمی کوردستان مووچە ڕاگیراوەکانی کەمئەندامان خەرج دەکات

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

مەسرور بارزانی پێشوازی لە رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان دەکات

مەسرور بارزانی: گەلی کوردستان شایستەی خزمەتکردنی زیاترە و نابێ بکرێتە قوربانی ئەجێندای حزبی

رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی ئومێدی سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی خواست و پاڵپشتی حزبەکەشی راگەیاند



رۆژی 8/4/ 2019 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە مامۆستا عیرفان عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان و شاندی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا دوا پێشهاتەکانی ناوچەکە و پێویستی یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تاوتوێکرا.

لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی ئاماژەی بە پێویستی یەکڕیزی گەلی کوردستان و بایەخدان بە بەرژەوەندی گشتی دا و رایگەیاند، گەلی کوردستان شایستەی خزمەتکردنی زیاترە و نابێت بکرێتە قوربانی ئەجێندای حزبیەوە.

هەر لەم سۆنگەوە تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جەختی لەوە کردەوە، کە پێویستە لەپێناو دابینکردنی داخوازی و داواکاری هاوواڵاتیانەوە پەلە لە هەنگاوەکان بکرێت.

لە بەرانبەردا رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان رۆڵی سەرۆک بارزانی لە نزیککردنەوەی لایەنەکان بە کاریگەر و پێویستزانی و جەختی لە تەبایی وپەکریزی لە پێناو بەهێزبوونی زیاتری هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها ئاواتی سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە ئەرکی نوێیدا خواست و پاڵپشتی حزبەکەشی لە جێبەجێکردنی ئەرکە نیشتمانی و گشتیەکاندا راگەیاند.

شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی کونسوڵخانەی ڕووسیای فیدراڵی کرد

کونسوڵی ڕووسیا ڕۆڵی بارزانیی نەمری بە گرنگ وەسفکرد لە ناساندنی دۆزی گەلی کورد



شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هۆشیاری سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە یاوەری ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی کۆنسوڵخانەی گشتی ڕووسیای فیدراڵیان لە هەولێر کرد بە مەبەستی پیرۆزبایی لە کونسوڵی نوێی ئەو وڵاتە.

سەرەتا هۆشیار سیوەیلی بەناوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی، بەخێرهاتنی ئۆلێگ لێقین کونسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. لەو دیدارەدا باسی لە پەیوەندی لەمێژینەی گەلی کوردستان و ڕووسیا کرا کە دەگەڕێتەو بۆ چەندین سەدە، هەروەها سیوەیلی سوپاسی گەل و حکوومەتی ڕووسیای کرد کە هەمیشە تێگەیشتنی باشیان هەبووە بۆ دوزی گەلی کوردستان. ئۆلێگ لێقین کونسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵ سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی کرد بۆ دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیی لە ئەرک و چالاکییەکانی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان. هەروەها لێقین ڕۆڵی ژەنەراڵ بارزانی بە گرنگ وەسفکرد لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی گەلی کوردستان و هەروەها ناساندنی دوزی گەلی کوردستانی بە وڵاتەکەی.

لە میانەی ئەو دیدارەدا باسی لە پەیوەندییەکانی نیستای هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ کرا و بە پەیوەندییەکی کاریگەر و بە سوود بۆ هەردوولا لە ڕووی سیاسی و ئابووری وەسفکرا. کونسوڵی گشتیی ڕووسیا دووپاتی پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ گەل و هەرێمی کوردستان کردەوە.

بەشێکی دیکە دیدارەکە باسکردن بوو لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، سیوەیلی باسی لە ڕوئیا و بۆچوونی سەرۆکوەزیرانی نیستای عێراق کرد کە جیاوازە لەوانی پێشخۆی و ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ تێپەڕاندنی گرفت و چارەسەری کێشەکانی نیوان هەولێر و بەغدا. دەربارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی ڕایگەیاند خۆشبەختانە ئێستا دەتوانین بڵێین کە لە دوا قۆناغەکانی پێکهێنانی حکوومەتی نوێ نزیک بووینەتەوە و ئاڵۆزی ئێستای ناوچەکەش بەشێکی دیکەی ئەو دیداره بوو. ئۆلێگ لێقین ڕاشیگەیاند کە وڵاتەکەی لە هەموو بارودۆخێکدا ڕەچاوی مافەکانی گەلی کوردستان دەکات، هیوای بەردەوامبوونی سەقامگیری و بەرەو پێشەوەچوونی بۆ هەرێمی کوردستان خواست.

هۆشیار زێباری پێشوازی لە شاندێکی کوتلەی سائیرون کرد

پرۆسەی سیاسیی کوردستان و عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تاوتوێکران



لە بارەگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی، شوان محەمەد تەها بەرپرسی لقی پێنجی پارتی و ئەندامانی مەکتەب پێشوازیان لە شێخ سەباح ئەلساعیدی سەرۆکی کوتلەی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەماهەنگییەکان بۆ بەرژەوەندی و خزمەتکردن بە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق باسی لێوە کرا، هەروەها باسیان لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق کرا و کێشە و هەنگاوەکانی هەردوولا خرانە بەر باس بۆ چارەسەری کێشەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان بەپێی دەستوور، هەروەها باس لە پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و هەماهەنگییەکان بۆ ئایندەی ژیانی سیاسی لە کوردستان و عێراق کرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP 1946
PARTÎYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی دەلال پیرۆز دەکات

تەلەفزیۆنی دەلال ڕۆڵی شیاوی گێڕاوە بۆ داکۆکیکردن لە گەلەکەمان و پێکەوەژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 13ساڵەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی دەلال پەیامێکی پیرۆزبایی ئاڕاستەی بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و تیکڕای کارمەندانی تەلەڤزیۆنی دەلال کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و تیکڕای کارمەندانی تەلەڤزیۆنی دەلال..

بە بۆنەی ١٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی (تەلەفزیۆنی دەلال لە زاخۆ) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز و بینەرانی کەناڵە ئازیزەکەتان دەکەین و هیوای هەمیشە بەردەوامی و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین.

تەلەفزیۆنی دەلال، وەکو کەناڵێکی ناوخۆیی لەو دەڤەرە ئازیزەدا، دەستکەوتێکی دیکەی گرنگی پارتیمان بوو بۆ خزمەتگەیاندن بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی و کولتوری کوردی، هەروەها شانبەشانی کەناڵەکانی دیکەی میدیایی هەردەم لە ڕێی بەرنامە و پرۆگرامەکانیەوە ڕۆڵی شیاوی خۆی گێڕاوە بۆ داکۆکیکردن لە دۆزەی ڕەوای گەلەکەمان و پێکەوەژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و زمان و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردایەتی، بۆیە مایەی ڕێز و دەستخۆشییە.


لەم بۆنەیەدا وێڕای پیرۆزباییمان، هەمدیسان پاڵپشتی و پشتیوانی بەردەوام و تەواوی خۆمان بۆ تەلەفزیۆنی دەلال لە زاخۆ دووپات دەکەینەوە و بە هیوابن ساڵی داهاتوو زیاتر پێشبکەون و هەنگاوی زیاتر لە کارەکانتان بنێن و وەکو هەمیشەش لە خزمەت خەڵک و خواست و داواکارییەکانی دەڤەرەکە و لە ئاست پەیامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی پارتیمان و بەرنامە خزمەتگوزاریەکەی دابن.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
9/4/2019

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئیسرائیل بەڕێوەچوو

پێنج ئافرەتی عەرەب خۆیان بۆ پەرلەمانی ئیسرائیل هەڵبژارد





خەبات–مەریوان نەقشبەندی

دوێنێ پرۆسەی دەنگدان بە مەبەستی هەڵبژاردنی 120 پەرلەمانتار بۆ پەرلەمانی ئیسرائیل دەستیپێکرد و 41 حزبی سیاسی بەشداریان لەو هەڵبژاردنەدا کرد کە بە یەکێک لە کێبڕکێ سەرسەختەکانی ئەم سندس سالح، کە یەکێکە لە پاڵێوراوەکان لە لیستی یەکدوانیەکدا تەنکید دەکاتەوە ئەگەرچی کارکردن لە پەرلەمانێکدا ئاسان نییە کە زۆرینەی لە یەهودییە توندڕۆکان و سەر بە حزبە ڕاستڕەوە ئایینییە جووەکانی ئیسرائیل پێکهاتبێت، بەڵام بۆ ئەم خولەی پەرلەمان 5 ئافرەت لە ئایینەکانی موسڵمان و جوو و دورزی خۆمان بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی ئیسرائیل (کنیست)خۆمان پاڵاوتووە و ئەوەش یەکەمجارە لە میژووی ئەم وڵاتەدا 5 ئافرەتی عەرەب لە حزب و ئایینە جیاجیاکانی وڵات خۆی بۆ ئەندامیەتیی کنیست هەڵبژێرن. سندس سالح لە دێڕەی لیستەکەیدا گوتیشی: ئێمەی پاڵێوراوە عەرەبە ئافرەتەکان کار دەکەین بۆ زیاتر ئازادبوونی ئافرەتانی عەرەب و ئافرەتانی جوو کە بە(حزبی)ناسراون و لەلایەن حزبە دینییەکانی ئیسرائیلەوە ڕێگە بە کارکردنی ئەم ئافرەتانە لە بواری ئیدارەی حکوومەت و سیاسەت نادرێت، چونکە پیاوەکانیان خۆیان تەرخان کردووە بۆ کاروباری ئایینی و هەموو ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەسەر ژنەکانیانە.

شایانی باسە پەرلەمانی ئیسرائی (کنیست) لە 120 ئەندام پێکدێت و لە خولی ئێستایدا تەنیا 35ئەندامیان ئافرەت بوون و بۆ یەکەمجاریش لە میژووی ئیسرائیلدا بەهۆی هەوڵی پەرلەمانتارە عەرەبەکانەوە دادوەری ژنی موسڵمان لە ئیسرائیلدا دامەزرا و لەم خولەی دیکەدا ئەم پەرلەمانتارە عەرەبانە هەوڵدەدەن لە ئایینەکانی موسڵمان و مەسیحی و دورزیش دادوەری شەرعی دابمەزرێن.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی دەکات

چەند بابەتێکی گرنگ تاوتوێ کران، لە ناویاندا باشتربوونی لایەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان



ئێوارەی دوێنێ سێشەممە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێزان جۆی هوود هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی باڵێۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق، ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، ماکس بریۆزاک ڕاوێژکاری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ پێکهاتە جیاوازەکان و شاندێکی سیاسی و دیپلۆماسیی یاوەریان کرد.

لە دیدارێکدا شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بە دیداریان لەگەڵ بەڕێز سەرۆک وەزیران دەربڕی و هاوکارییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان بۆ ئاوارە و پەنابەرانی دەستی تیرۆر و پاراستنی هەموو پێکهاتەکان بێ جیاوازی، بەرز نرخاند. هەردوولا جەختیان لە بایەخدان بە هاوکاریی ئەو پێکهاتانە کردەوە کە بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە زیدی خۆیان جێهێشتووە تا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە و ئاسایش لە ناوچەکانیان بەرقەرار دەبێت.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا لەمبارەیەوە نراون، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا لە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆوە، دەسترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش لە چەند ناوچەیەک و کاری هاوبەشی نێوان هەولێر و بەغدا لەمبارەیەوە، خرانە بەر باس وگفتوگۆ.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە و چەند بابەتێکی پەیوەست بە باشتربوونی لایەنی ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆکی پەرلەمان بۆ خەبات: لە نزیکترین کاتدا دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە



خەبات: مەریوان نەقشبەندی

لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: لەم چەند دانیشتنەی کە بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدراون، بەوپەڕی یاسایی و پیشەییانە دانیشتنەکانمان بەڕێوەبردوون و لەڕووی ئیداری و دارایشەوە چاکسازی ریشەییمان لەناو دامەزراوەی پەرلەماندا کردووە.

د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە یەکەم ئافرەتە لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لە مێژووی دروستبوونی پەرلەمانی کوردستانیشدا کە سەرۆکایەتیی بالاترین دامەزراوەی یاسادانان دەکات، لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات باسی لە قۆناغەکانی ژیانی ئەکادیمی و سیاسی خۆی کرد و گوتی: پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێشەنگ بووە لە پێگەیاندن و گرنگیدان بە توانا کانی ئافرەت و لەسەر بنەمای لێهاتوویی ئافرەتەکانیش ئەرکی گەورە و گرنگی بە چەندین ئافرەتی سەرکردە بەخشیوە بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی بەرپرسیاریەتی و پلەی حزبی، هەروەها گوتیشی: ئێستا هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی کاری پەرلەمانی و لە نزیکترین کاتدا دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە و حکوومەتێکی بەهێز و شایستە بۆ هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت.

سەبارەت بە مانەوەی لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و ئەگەری پێدانی ئەم پۆستە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خاتو ڤالا فەرید گوتی: هەرچەندە لە یاسا و پەیڕە و پڕۆگرامی پەرلەمانی کوردستاندا شتێک نییە بەناوی سەرۆک یان جێگر یان سکرتێری پەرلەمان، بەڵام ئەگەر تەوافقی سیاسی هەبێت لە نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و ڕێککەوتنی سیاسی حزبەکانمان هەبێت، ئامادەم دەستلەکاربکێشمەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەو کەسەی دەپاڵێورێت بۆ سەرۆکی پەرلەمان، ئافرەت بێت.

سەبارەت بە چاودێریکردنی پەرلەمان بۆ کاری حکوومەت و ئەو کەمتەرخەمیانەی کە هەندێ جار ئاماژەیان پێکراوە، ڤالا فەرید وتی: ئەو کەمتەرخەمیانەی کە هەندێ جار ئاماژەیان پێکراوە، بەشێکیان لە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی کاری پەرلەمانەوە هاتووە، بەشێکیشیان لە بەرپرسیارێتی حکوومەتەوە هاتووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرپرسیارێتی هەموو لایەک دیاری بکەین، دەبێت بەرپرسیارێتی هەموو لایەک دیاری بکرێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرپرسیارێتی هەموو لایەک دیاری بکرێت، دەبێت بەرپرسیارێتی پەرلەمان و حکوومەتیش

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان کرد



پێشنیارەکانی کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، وێڕای پێرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، خۆشحاڵیی خۆی بەبوونی ئافرەتێک لەو پۆستە دەربڕی و ئەو هەنگاوەی بە هەنگاوێکی گرنگزانی و ڕۆڵی پەرلەمانیشی لەو ماوەیەی کە دەستبەکاربووە بەرزنرخاند کە توانیویەتی زۆر چالاکانە کارەکانی ئەنجام بدات.

هەروەها هیوای خواست کە لایەنەکان بە زووترین کات بگەنە ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی شانبەشانی پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و وێڕای بەخێرهێنانن کونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، ؛ کورتەیەکی سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی پەرلەمان لەو ماوەیەی کە دەستی بەکارەکانی کردووە باسکرد و ڕایگەیاند: "دوای دەستبەکاربوونی دەستەی سەرۆکایەتی، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان هەڵبژێردران و دەستیان بەکارەکانی خۆیان کرد و دواتر بە ئیمزای 68 پەرلەمانتار پرۆژە پێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی، ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرد بۆ ئەنجامدانی ڕێکارە یاساییەکان و دواتر خرایە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراو بەپێی پەیڕەویش نابێت نێوان خوێندنەوەی دووەم و دەنگدان لەسەر پرۆژە پێشنیازکراوەکە لە هەفتەیەک تێپەڕ بکات".

هەر لە دیدارەکەدا لە وەڵامی پرسیارێکی کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پرۆژەپێشنیازی کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: "ڕۆژی چوارشەممە 2019/4/10 لەدانیشتنی ژمارە 4ی ئاسایی پرۆژە پێشنیازکراوەکە و ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی یاسایی دەخرێتە دەنگدانەوە و دوای پەسندکردنی لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمان پەسند دەکرێت و دەبێت بەیاسا".

لەدرێژەی قسەکانیدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە هەنگاوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە ڕێکخستنەوە و چاکسازیکردن لەناو پەرلەمانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: "دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری پەرلەمان لەڕووی کارگێڕی و دارایی دەستی بەچاکسازی کردووە و ئەم چاکسازییەی ئەنجامی دەدەین شەفاف و ڕوونەو داواش لەچاودێریی دارایی کراوە هاوکارمان بن ".

هەروەها ڕایگەیاند: "لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان هاوکارو هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆئەوەی چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەرەکاندا ئەنجام بدەین، هیوادارم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پابەند بن بە یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەشداریی کارایان هەبێت لە کارەکانی پەرلەمان و لە ڕێگەی لیژنەکانیشەوە چاودێری و بەدواچوون بۆ کارەکانی حکومەت و هاوواڵاتیان بکەن".

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا–ش، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: "لەگەڵ یەکەمین دانیشتنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، کە تیایدا دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا جەختمان لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کردۆتەوە و لە ئێستادا پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئاستێکی زۆرباشدایەو دەخوازین حکومەتی عێراق هەنگاوەکانیان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور خێراتر بکەن، لەنێویشیاندا مادەی 140ی دەستوور کەتایبەتە بەناوچە دابڕێنراوەکان و لەئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا بەجۆرێک کە لەبەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراقدا بێت".

لە کۆتاییدا هەردوولا جەختییان لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردەوە و لەو چوارچێوەیەشدا کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بە سەرۆکی پەرلەمانی ڕاگەیاند کە هەوڵدەدەین لە ماوەی داهاتوودا بە فەرمی شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی ئەمریکا بکەین بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کاری پەرلەمانی.

لەلایەن خۆشییەوە سەرۆکی پەرلەمانی سوپاسی کونسوڵی گشتیی ئەمریکای کردو هیوای خواست کە ئەمجۆرە دیدار و کۆبوونەوە و پەیوەندییانە بەردەوامییان هەبێت.



قاهیرە.. سااڵیادی ڕۆژنامەی کوردستان و خەبات لە ئامێز دەگرێت

بەبۆنەی 121ەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کورد کە لە قاهیرە لە ساڵی 1898 لە لایەن بنەماڵەی بدرخانییەکان، و 60ەمین ساڵیادی دەرچوونی بەئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات، مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاهیرە، ئێوارە ئاهەنگ و پێشەنگایەک و ئێوارە خوانێکی ساز کرد، بە ئاماده بوونی باڵوێزی عێراقی فیدراڵ لە قاهیرە و جەندین کەسایەتی دبلۆماسی و ئەندامانی پەرلەمانی میسری، نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتی ئەکادیمی و ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و نوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی میسری.

سەرەتا لە لایەن شێرکۆ حەبیب وێڕای بەخێرهێنانی ئاماده بووان، سوپاسی بەشداربوونی ئەو دوو یادە پیرۆزەی کردن، ئاماژەی بەوە کرد کە ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە جەژنی ڕۆژنامە نووسان هەژمار دەکرێت، میتۆرووپەکی پڕ لە سەروەریبە بۆ گەلی کورد، و گوتی کاتێک باس لەو ڕۆژنامەیە دەکەین سەری ڕێز و نوازش بۆ مقداد مدحەت بەدرخان و بنەماڵەکەی دادەنەوێنین، کە وشەی کوردیان بە جیهان ناساند، هەروەها دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی میسر و بەتایبەتی قاهیرە بکەین، کە ئەو خێزانە ڕۆشنبیرەی لە ئامێز کرد، لە دار ئەلهلال ئەو ڕۆژنامە بە چاپ گەیاندرا، بێگومان کاتێک یادی یەو ڕۆژنامە دەکەینەوە، دەبێ ڕۆڵی برا میسرەکان بە بەرز باس بکەین، هەر لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆژنامەی خەبات کرد کە لە ماوەی دەرچوونی مەشخەڵێک بووە لە بەرگری لە مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان و چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی، و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت خەبات بە هەمان گیان و خەبات خەبات لە پیناوە دەکات. هەر لە وتەکەی ئاماژەی بە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە لە گەشتێکی ئازاد و سەربەست کارەکانیانئەنجام دەدەن.

هەر بەو بۆنەوەیەوە چەندین کەسایەتی و ڕۆژنامەنووس لە لایەن بەرپرسی مەکتەبی پارتی خەڵاتی ڕێز لینایان پێشکەش کرا، بۆ ئەو ڕۆڵەی هەیانە لە بایەخ دان و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەتن بە کوردستان.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە
عەبدولقادر بن ساڵح بوو بە سەرکۆماری کاتیی جەزائیر





دوای دەستلەکارکێشانەوەی عەبدولعەزیز بوتەفلیقە، لە دانیشتنی هەردوو باڵی پەرلەمانداسەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی، عەبدولقادر بن ساڵح بوو بە سەرکۆماری کاتی جەزائیر.

بەپێی مادەی 102ی دەستووری جەزائیر، دوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرکۆمار ئەگەر پەرلەمان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی هەردوو باڵەکە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی وەک سەرکۆماری کاتی بڕیار دەدات لە ماوەی 90 ڕۆژدا هەڵبژاردن لە وڵات بەڕێوەبچێت.

سەرکۆماری کاتی ناتوانێت خۆی بەربژێر بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار.

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو عەبدولعەزیز بوتەفلیقە دەستی لە پۆستی سەرکۆماری کێشایەوە، باڵی باڵا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی و باڵی نزم کە ئەنجوومەنی نیشتمانی گەلی جەزائیرە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجام دا.

لە کۆی 644 پەرلەمانتارەکەی هەردوو باڵەکە، 453 پەرلەمانتار بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا کە، پێگەی سەرکۆمار چۆڵە، بەپێی دەستوور لە دوای ئەم بڕیارە سەرۆکی باڵی باڵا ئەنجوومەنی نیشتمانی، عەبدولقادر بن ساڵح بە شێوەی کاتی دەبێتە سەرکۆمار.

بەپێی مادەی 102ی دەستووری جەزائیر لە ئەگەری دەستلەکارکێشانەوەی سەرکۆمار، ئەم بڕیارە دەگەیەندرێتە بەرزترین پێگەی دادوەری کە ئەنجوومەنی دەستووریە. دوای تاوتوێکردنی بڕیارەکە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری، نامەی دەستلەکارکێشانەوەکە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

ئەگەر پەرلەمان بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانی هەردوو باڵەکە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی وەک سەرکۆماری کاتیی جەزائیر دەستبەکار دەکرێت.

بوتەفلیقەی تەمەن 82 ساڵ کە چوار خولە سەرکۆمارە و بەدەست ژمارەیەک کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنێت، کاتێک ڕایگەیاند کە بۆ خولی پێنجەمیش خۆی بەربژێر دەکاتەوە ناڕەزایەتیی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا لە ناوەڕاستی مانگی شوبات، دوای یەک مانگ و 15 ڕۆژ، لە هەفتەی ڕابردوودا بەدەستوەردانی زارەکی سوپا، بوتەفلیقە دەستی لەکارکێشایەوە.



فرانکفۆرت..شاندێکی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕەوشی پەنابەرانی کرد

خەبات: کەنعان بەهادین: 47مین کۆنفراسی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆ ڤ و ئاوارە و پەنابەران لە ئەڵمانیا (فرانکفۆرت) دەستیبەکارەکانی کرد و شاندێکی هەرێمی کوردستانیش لەو کۆنفراسەدا ئامادەبوون.

کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ونوێنەری ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، بۆ خەبات ڕایگەیاند: کۆنفراسەکە بە بەشداری زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپایی و چین و ئۆکرانیا و ڕووسیا و مۆلدۆڤا و پاکستان و هیندستان و نیجیریا و هەرێمی کوردستانیش دەستیبەکارەکانی خۆی کرد، جیا لە بەشداربوونی ڕۆژنامەنووسان و پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا و چالاکوانانی بواری مەدەنی، تەوەری سەرەکی کۆنفراسەکەش پرسی مافی مرۆڤ و پەنابەران و ئاوارەی جەنگە، ناوبراو گوتیشی: خۆتان دەزانن کە لەساڵی 2014بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعش ئاوارە و پەنابەرێکی یەکجار زۆر ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەلایەن پارێزگاکان و حکوومەتی هەرێمەوە هەموو شێوازێکی ژیان لە چوارچێوەی 38کەمپی پەنابەران یەک ملیۆن و نیو پەنابەر و ئاوارە هەموو خزمەتگوزارییەکی پەروەردە و تەندروستی و خۆراک و شوێنی مانەوەیان بۆ دابینکرا و ئەو هەڵوێستەیان لەسەر نەما کە چەکدارانی داعش بۆیانی دروستکردبوو و کوردستان بووە باوەشێکی پڕ لە ئەمان، بۆیە لە ڕێگەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل هاتووین ئەو ڕەوشە مرۆییە بۆ جیهان باس بکەین کە بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووانی کۆنفراس.

جێی باسە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 4ساڵی هێرشەکانی چەکدارانی داعش، جگە لە ڕووبەروبوونەوە و تێکشکاندنیان دەرگاشی والآ بوو بۆ ئاوارە و پەنابەرانی سووریا و خوارووو و ناوەڕاستی عێراق و شنگال و کەرکووک و ناوچەکانی تر.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای هێورکردنەوەی ڕەوشی لیبیا دەکات

بەمەبەستی هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی ڕەوشەکە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس داوای لە لایەنەکانی لیبیای دا کە بەپەلە شەڕ و پێکدادانەکان لە شاری نێوانیان ڕابگرن.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس، هانی سەرجەم لایەنەکانی لیبیای دا کە بەپەلە شەڕ و پێکدادانەکان لە شاری تەرابلوس و دەوروبەری ڕابگرن و، دست بە گفتوگۆ بکەن بە ئامانجی هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی ڕەوشەکە.

گوتەبێژی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیفان دوجاریک لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە ئەنتۆنیۆ گوتیرێس داوای لە لایەنەکانی لیبیا کردووە کە هەرچی زووە سەرجەم ئۆپەراسیۆنەکان لە پێناو هێورکردنەوەی ڕەوشەکە لە شاری تەرابلوس و دەوروبەری ڕابگرن.

ستیفان دوجاریک باسی لەوەشکردووە کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە، ڕەوشی ئێستای لیبیا بە سەربازی چارەسەر ناکرێت، بۆیە داوای لە سەرجەم لایەنەکان کردووە بۆ هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی ڕەوشەکە، دست بە گفتوگۆ بکەن و نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا، غەسان سەلامە ئامادەیە ئاسانکاری بکات بۆ سازکردنی ئەو گفتوگۆیە.

بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، ئەنتۆنیۆ گوتیرێس ئەوەی وەبیرێناوەتەوە کە گرنگە سەرجەم لایەنەکانی لیبیا پابەندبن بە یاسایی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ئەویش لە پێناو دەستەبەرکردنی پاراستنی گیانی مەدەنی و جەختیکردووەتەوە کە گەلی لیبیا شایستەی ئاشتی، ئاسایش و پێشکەوتنن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/4/10 ژمارە (5727)

ئەمەریکا سوپای پاسداران و قودسی ئێرانی ڕێکخراوی تیرۆریستین

سعودیە و ئیسرائیل و بەحرەین پاڵپشتی بڕیارەکەی ئەمەریکا دەکەن



ئا: زانکۆ محەمەد- خەبات

ڕۆژی دووشەممەی رابردوو 2019/4/8 مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دووپاتی کردەوە وڵاتەکەی لە هەنگاوێکی گرینگدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ڕژێمی ئێران، هێزی پاسداران و هێزی قودسی ئێرانی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. پاش ئەوەی بە فەرمی لەلایەن کۆشکی سپیەوە بە فەرمی سوپای پاسداران خرایە لیستەی گرووپە تیرۆریستییە دەرەکییەکانەوە، لە کاردانەوە بەم بڕیارەی ئەمریکا سەرۆکی پەرلەمانتاران بە جلی سوپای پاسدارانەوە چوونە پەرلەمان و دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکایان گوتەوە. هەرچی سعودیەو بەحرەینە پێشوازی لە بڕیارەکە دەکەن و عێراقیش دژایەتی خۆی ڕاگەیاندووە.

چۆنێتی بڕیارەکەی ئەمەریکا

پۆمپیۆ لە هەژماری خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (تویتەر) نووسیویەتی کە ئەمریکا هەنگاوێکی گرینگی ناوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ڕژێمی ئێرانیدا، ئەمەش بەوەی هەردوو هێزی پاسداران و هێزی قودسی ئێرانی خستووەتە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. هەروەها ئاماژەی بەوە داوە کە پێویستە ئەوان وەکو ئەمریکا، یارمەتی گەلی ئێران بدەن بۆ ئەوەی ئازادی خۆیان بە دەست بێننەوە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممە دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە وڵاتەکەی ئامادەکاری تەواو کردووە بۆ ناساندنی سوپای پاسدارانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی. ترەمپ گوتبووی کە ئێران تەنها پشتیوانی تیرۆریزم نیە، بەڵکو سوپای پاسدارانی چالاکانە بەشداری لە پارەپێدان و هاوکاریکردنی تیرۆر دەکات.

وەڵامی ئێرانییەکان بۆ بڕیارەکە

پاش ئەوەی بە فەرمی لەلایەن کۆشکی سپیەوە بە فەرمی سوپای پاسداران خرایە لیستەی گرووپە تیرۆریستییە دەرەکییەکانەوە، لە کاردانەوە بەم بڕیارەی ئەمریکا شەوی ڕابردوو سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بەشێک لە پەرلەمانتاران بە جلی سوپای پاسدارانەوە چوونە پەرلەمان و دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکایان گوتەوە.

بەپێی زانیاریی میدیا فەرمییەکانی ئێران، خستنە لیستەی تیرۆری سوپای پاسداران لەلایەن ئەمریکاوە کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی پاسدار لە ئێران، پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە خێرایی کاردانەوەی بەم بڕیارەی ئەمریکا نیشان دا و شەوی ڕابردوو عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بە جلی فەرماندەکانی سوپاوە لەناو پەرلەمان ئاشکرای کرد: لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئێرانەوە دەوڵەتی ئەمریکا و هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە، هێمای تیرۆریزمی نێودەوڵەتین لە ڕەهەندی سەربازی و ئابووریدا.

عەلی لاریجانی بە دۆنالد ترەمپ سەرکۆماری ئەمریکا گوتووە: ئاغەی ترەمپ ئێمە دەزانین بۆچی تووشی ئەم ڕۆژە بوویت، چونکە پێت وابوو بە چوونە دەرەوە لە ڕێککەوتنی ناوکی دەتوانی زەبر لە ئێران بوەشێنیت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، پێتان وابوو سالّی ڕابردوو دەتوانن فرۆشی نەوتی ئێران بگەیەنن سفر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون.


پاش دەرچوونی بڕیارەکەی ترەمپ لەدژی سوپای پاسداران و هێزی ئاسمانی قودسی ئێرانی عەلی خامنەیی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ناساندنی سوپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن ئەمەریکا، هاتە دەنگ.

خامنەیی لە تویتێکیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام ڕای گەیاند، یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی تۆماری سوپای پاسداران، ژیانی شۆڕشگێڕییە، ئەو سوپایەش لەسەر ئەو بنەمایە دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت.

لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵەکە لەلایەن کۆشکی سپیەوە جارێکیتر بەهای تمەنی ئێرانی لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێک 30%ی تر دابەزی و بەو پێیەی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراوە، ئێران دەنگی لەسەر پڕۆژەیاسای خستنە لیستی تیرۆری سوپای ئەمریکا دا، ئەوەش وەک هەنگاوێک بۆ وەڵامدانەوەی خستنە لیستی تیرۆری سوپای پاسداران لەلایەن ئەمریکاوە.

هاوکات دوێنێ سێشەمە پەرلەمانی ئێران بەفەرمی پڕۆژەیاسای ناساندنی سوپای ئەمریکای لەناوچەکە وەک تیرۆرست پەسەند کرد، ئەوەش لەکاردانەوەی بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بۆ خستنە لیستی تیرۆری سوپای پاسداران.

وەک کاردانەوەیەک پەرلەمانی ئێران سوپای ئەمەریکای بە تیرۆریست هەژمار کرد



وەزیری دەرەوەی عێراق: بەشێوەیەکی گشتی عێراق هەر سزایەکی تاکلایەنەی سەر ئێران ڕەت دەکاتەوە

کە تێیدا داوایان کردووە هەموو هێزە ئەمنی و هەواڵگرییە چالاکەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک (تیرۆریست) بناسرێن.

لیستی ڕەش بۆ ئەمەریکیەکان

لەدرێژەی کاردانەوە نێوخۆییەکانی ئێران بەرانبەر بڕیارەکەی ئەمەریکا، پەرلەمانی ئێران بڕیاریدا لیستێک بۆ ئەمەریکییەکان ئامادە بکات کە تێیدا ناوی سەرکردە سەربازی و ئەمنییەکانی ئەمریکا تۆمار بکرێت.

حاڵەتی ئامادەباشی هێزەکان

گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ئاشکرای دەکات دوای سزادانی سوپای پاسداران لە لایەن ترەمپەوە، وەزارەتی بەرگری هێزەکانی خۆی خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشی و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەتی دەکاتەوە تا ئێستە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت. ڕیبیکا ڕیباریچ گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئاژانسێکی ڕووسی باس لە بڕیاری بە تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران دەکات لەلایەن ئەمەریکاوە و ئاشکرای دەکات هێزەکانی ئەوان لە حاڵەتی ئامادەباشی دان. ڕیبیکا لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئاخۆ لەگەڵ ئەم بڕیارە ئەمەریکا وەک هەر هێزێکی تری تیرۆریستی مامەڵە لەگەڵ سوپای پاسداران دەکات، ئەم بەڕپرسەی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا دەڵێ تا ڕاگەیاندنی بڕیارەکان ڕێساکانی ڕووبەڕووبوونەوە نەگۆڕاوە. دووپاتیشی دەکاتەوە تا ئێستا زانیارییەک لە لای وەزارەتی بەرگریی نییە ئاماژە بۆ مەترسییەک بکات لەسەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەڵوێستی ئیسرائیل

بنیامین ناتەنیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل پێشوازی لە بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کرد بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی.

لە یەکەم کاردانەوەی جیهانیدا لەبارەی بڕیارەکەی ئەمریکا، لە پەیامێکدا بۆ دۆنالد ترەمپ، بنیامین ناتەنیاهۆ، سەرۆکی ڕایگەیاند سوپاس، هاوڕێی خۆشەویستم سەرۆک دۆنالد ترەمپ، بۆ بڕیاردان و ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی. سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکی دیکەی گرنگی من. بەگوتەی بنیامین ناتەنیاهۆ، بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ لەبارەی سوپای پاسداران خزمەت بە بەرژەوەندی وڵاتەکەی و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەکات.

هەڵوێستی عێراق و بەحرێن و سعودیە

وەزیری دەرەوەی عێراق لە بارەی بڕیارەکەی ترەمپ بۆ ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، هەڵوێستەی وڵاتەکەی ڕاگەیاند و گوتی عێراق هەر سزایەکی تاکلایەنە بەسەر ئێران ڕەت دەکاتەوە.

دوای ڕاگەیاندنی بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ بە چەند سەعاتێک عێراق لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی بە فەرمی هەڵوێستی خۆی لەسەر بڕیارەکە ڕاگەیاند.

محەمەد حەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند بەشێوەیەکی گشتی عێراق هەر سزایەکی تاکلایەنەی سەر ئێران ڕەت دەکاتەوە.

لە بارەی بڕیارەکەی محەمەد حەکیم گوتی: ئێمە تاوتوێی ڕاگەیاندراوەکەی ئەمەریکا دەکەین کە سوپای پاسداران دەخاتە لیستی تیرۆرەوە دواتریش هەڵوێستی گونجاوی خۆمان لەسەر بڕیارەکە دەردەخەین.

دوای ئەوەی ئەمەریکا سوپای پاسدارانی خستە لیستی تیرۆرەوە، عێراق و بەحرێن دوو وڵات بوون کە زوو سەرنجی خۆیان لە سەر بڕیارەکە خستەڕوو. وەزارەتی دەرەوەی بەحرێن لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمی ڕای گەیاند، بەحرێن پشتیوازی لە بڕیارەکەی ئەمەریکا دەکات.

دوای بەحرێن، عەرەبستانی سعوودیش پێشوازی لە بڕیارەکەی ئەمەریکا کرد. سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی سعوودیە ڕای گەیاند، ناساندنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەنگاوێکی کردەیی و گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ئەمەش هەر ئەوەیە کە دەمێکە عەرەبستانی سعوودیە داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە کە پێویستە بەرەنگاری تیرۆر ببینەوە کە ئێران پشتگیری لێ دەکات.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/4/10 ژمارە (5726)
خەبات

پارتی هەمیشە بە پێگەیەکی بەرز و هاوخەبات و هاوپەیمان لە حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەڕوانێت



عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پێشوازی لە مەحمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان کرد.

سەرلە بەیانی ڕۆژی دووشەمە 8-4-2019 مەحمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان و شاندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە هەولێر سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی کرا.

لە دیدارێکی نێوان بەرپرسی پەیوەندییەکان و محەمەدی حاجی محمود دوای ئاماژەدان بەپەیوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان، عەلی حسێن خەبات و مێژوو تێکۆشانی بەرێز محمدی حاجی محمودی لە قۆناغە جیاجیاکان و تایبەت شەڕی داعش پربایەخ وەسف کردو تەئکیدی کردەوە، پارتی هەمیشە بەپێگەیەکی بەرزو هاوخەبات و هاوپەیمان لە بەرێزیان و حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەڕوانێت، هاوکات ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و باردۆخی شاری کەرکووک و هەنگاوەکانی ئاسایی بونەوەو لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ و کۆبونەوەو گفتوگۆی لایەنەکان بۆ خێرا کردنی ئەم پرۆسەیە بەسودو بەرژەوەندی بۆ گەلی کوردستان باسی لێوە کرا.

هەر لەدیدارەکەدا سکرتێری حزبی سوسیالیست دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی پارتی و یەکێتی و لایەنەکان کرد بۆ نزیکبونەوەیان لە پرسی حکومەت و بەم هەنگاوانەش دەتوانین پرسە سیاسییەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و گیانی برایەتی و یەکریزی و هەماهەنگییەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بەهێزتر بکەین و ساریژی ئەو قەیران و برینانە بکەین، کە بەهۆی شەڕی داعش بەسەر ناوکەچەکەو خەڵکی کوردستاندا هات و هاوکات سیستەمی حکومرانی و کۆمەلایەتی و بژێوی ژیانی خەڵک باشتر بکەین، پاشان هەردوولا تەئکیدیان لە پاراستنی ئارامی و سەقامگیری و ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتکردن بە خەڵکی کوردستان دووپاتکردەوە .

قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی شەقامی 150 مەتریی شاری هەولێر چووە واری جێبەجێکردنەوە



دوێنێ قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی شەقامی 150 مەتریی شاری هەولێر چووە واری جێبەجێکردنەوە، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێریش دەڵێ، لە قۆناغی یەکەمدا لە ڕێگەی بەحرکە تا ڕێگەی کۆیە تەواو دەکرێت. کرمانج دەشتەکی، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەمە 9-4-2019دەست بە قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی شەقامی 150مەتریی شاری هەولێردا دەچێت تا کۆتایی دێت. کرمانج دەشتەکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: شەقامی 150مەتریی هەولێر پڕۆژەیەکی ستراتیژیی شەقامی کۆیە جێبەجێ دەکرێت، دواتر بە دەوری شاری هەولێردا دەچێت تا کۆتایی دێت. کرمانج دەشتەکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: شەقامی 150مەتریی هەولێر پڕۆژەیەکی ستراتیژیی گرینگە، چونکە دڕێژییەکەی 70کیلۆمەترە و زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر بە سەنتەری شارەوە دەبەستێتەوە، جگە لەوەش سیمایەکی جوانتر بە پایتەخت دەبەخشێت و ئاسانکاریی زۆر بۆ هاوواڵتیان و شوفێران دەکرێت لە هاتوچۆکردن.

جێی ئاماژەیە، پێشتر حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەی شەقامی 120مەتریی خێرای جێبەجێ کرد و ئێستا لە دواقۆناغدایە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان مووچە ڕاگیراوەکانی کەمئەندامان خەرج دەکات

بەڕێوەبەری تۆڕی چاودێریی هەولێر ئاشکرای کرد، لە چەند ڕۆژی داهاتوودا قۆناغی دووەمی پشکنینی کەمئەندامان کۆتایی دێت و دەڵێ، دواتر لیستی کەمئەندامان ڕەوانەی دارایی دەکرێت بۆ خەرجکردنی مووچانەی ڕاشگیراون، خەرج دەکرێن. شێخ محەمەد گەزنەیی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، دوای پێداچوونەوە و دووبارە پشکنین، ناوی پێنج هەزار و 550کەمئەندام لە لیژنەی پشکنین دەرنەچوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو کەم ئەندامێک مافی هەیە سکاڵا بکات و داوای مافی خۆی بکات، بڕیار درا دووبارە ئەوانەی دیانەوێ دەتوانن لیژنەی پشکنین بکەنەوە، تا ئێستا سێ هەزار و 500 کەمئەندام سەردانی لیژنەی کەمئەندامانیان کردووە و لە قۆناغی کۆتاییدان. گەزنەیی گوتیشی: دوای کۆتاییهاتنی کاری لیژنەی تەندروستیی کەمئەندامان، کە پێشبینی دەکەین تا یەک دوو هەفتەی دیکە تەواو بێت، ئەنجامەکەی ڕادەگەیەنین و دواتر ئەوانەی لە لیژنە دەردەچن و ڕێژەی کەمئەندامییان بۆ دیاری دەکرێت، بە لیستێک ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین بۆ ئەوەی مووچەی مانگانەیان بۆ خەرج بکرێت. ناوبراو هەروەها دەشڵێت: تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر 28هەزار کەمئەندام هەن و ئەوانەی لە لیژنە دەرنەچوونە، لە قۆناغی ڕابردوودا موچەکانیان نەبڕدراوە، بەڵکوو مووچەکانیان ڕاگیراوە، هەموو کەمئەندامانیش دڵنیا دەکەینەوە ناویان لە لیژنە دەربچێت، مووچەی مانگەکانی ڕابردووشیان بۆ دەگەڕێتەوە و بۆیان خەرج دەکرێت.

پارێزگاری هەولێر بەشی کتێبخانە لە مۆزەخانەی شوێنەواری هەولێر دەکاتەوە



دوای تەواوبوونی کارەکانی نوژەنکردنەوەی بەشی کتێبخانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی، بە چاودێری نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و نادر بەکر بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر، بەشی کتێبخانە بەفەرمی کرایەوە. لەڕێوڕەسمەکەدا وێڕای خۆشحاڵبوونی بەتەواوبوونی کارەکانی نوژەنکردنەوەو ئامادەکردنی بەشی کتێبخانەکە، پارێزگاری هەولێر دەستخۆشی ئەو دەستپێشخەرییەی کەسایەتی خێرخواز پارێزەر سەفین یاسینی کرد، کە ئەرکی خۆبەخشانەی نوژەنکردنەو دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی لەئەستۆ گرتبوو و هیوای خواست مۆزەخانەکە سوودی پتر بە سەردانیکەر و گەشتیاران و پسپۆرانی شوێنەوار بگەینێت و ببێتە جێی بایەخی هەموو لایەک.

لە حاجی ئۆمەران زیاتر لە پێنج تەن کێک و گەزۆ و ترشیات بۆ ئێران گەڕێندرایەوە

لە کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، بڕی زیاتر لە پێنج تەن کێک و گەزۆ و ترشیات گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران.

دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران لە ڕاگەیاندراوێکدا بڵاوی کردەوە، لە پێناو سەلامەتی گیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی تەندروستیان ئەمڕۆ سێشەمە ڕێکەوتی 9/4/2019 یەک بار لە ترشیاتی دستیار و کێک و گەزۆی ئێرانی بەبڕی 5تەن و 220 سیلۆگرام لەلایەن لێژنەی پشکنین هۆبەی وەرگرتنی نمونەی خۆراک پشکنینی بۆی کرا، بەڵام لە پشکنیندا دەرنەچوو، چونکە بە پێی ڕێنماییەکانی تەندروستی عێراقی نییە.

ڕوونیشکراوەتەوە، لەلایەن لێژنەی هاوبەشی کۆمەڵگا کێک و گەزۆ و ترشیاتەکە گەڕێندرایەوە بۆ وڵاتی ئێران

دهوک... کونفرانسەک ل دور بەرهنگاربوونا مادەییێن بێهوشکەر هاتە ل دارخستن

خەبات- دهوک:

ل ڕۆژێن 8 -7نیسانێ 2019ل هولا ئازادی ل پەیمانگەها پولیتەکنیک یا دهوکێ ولژێر دوریشمێ نە بو ب کارئینانا مادەییێن بێهوشکەر زانکویا پولی تەکنیکی دهوک ب هەڤکاری دگەل ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری وهونەری ل دهوکێ کونفرانسەک ل دور بەرهنگاربونا مادێن بێهوشکەر ئەنجامدا. ئەڤ کونفرانسە هاتە گێران ب پشکداریا چەندین ماموستا وبسپورێن جڤاکی وداوەر و نونەرێن فەرمانگەهێن میری.



ڕێک ل ڤی حالەتی بهێتە گرتن و چارەسەریا بابەتی ب ڕێکێت زانستی بهێتە کرن وگەنجێن زانکوێ ل دور مەترسیا ب کارئینانا ڤان مادەیان بهێنە ئاگەهدارکرن.

د کۆنفرانسێدا چەندین پەنەل هاتنە ئەنجامدان

غازی سعید بامەرنی بەحسێ تەرەوڕێن کونفرانسی کر وگوت: ل ڕۆژا ئێکێ دوو پەنەل هاتنە ئەنجامدان یێ ئێکێ ژلایێ ماموستا چیاء مستەفا ویێ دوو ژلایێ د.عارف حیتو هەروەسا ڕادەکی پەیدابوی وسەروکاتیا زانکویا پولیتەکنیکی ب هەماهەنگی دگەل ڕێڤەبەریا گشتی یا ڕەوشەنبیری ئەڤ کونفرانسە سازکر بو وێ یەکێ کونفرانس هاتە ل دارخستن پشتی حالەتێن ب کارئینانا مادێن بێهوشکەر دناڤ گەنجان دا ل قەزایێن زاخو ودهوک ب وقەزایێن دی هەتا ل ڕۆژا دووێ یا کونفرانسی 8-4-2019د پەنەلێ ئێکێ دا د.فرست مەرعی ژلایێ ئاینیڤە هەروەسا د.مەسعود ژلایێ تەندورستیڤە بابەت بەرچاڤکرن. و دپەنەلێ دووێ دا ماموستاەوان سبحی بەحسێ ڕولێ میدیایێ کر بو نەهێلا ڤی حالەتی وهشیار کرنا گەنجان وبەکارهێنەرێن مادەییێن بێهوشکەر ، هەروەسا وەلاتی دلگەش شکری سەربورا خو دگەل هێلانا مادەییێن بێهوشکەر دیارکر. ل دوماهیێ چەندین پێشنیار بو حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتنە ئاراستەکرن کو بەرهنگاریا ب کارئینانا مادەییێن بێهوشکەر بهێتە کرن ئەوژی کونترولکرنا سنورێن هەرێمێ دگەل دەوروبەران تایبەتی دگەل ئیرانێ هەروەسا کاراکرنا ڕولێ ڕاگەهاندنێ وسازیێن ڕەوشەنبیری وئاینی وسەنتەر بهێنە دانان بو ڕێگریکرن ل بەلاڤبونا مادەییێن بێهوشکەر.

بەرپرسێ لقێ ئێک: خزمەتکرنا مالباتێن شەهیدان ل دیف ڕاسپاردییێن جەنابێ سەرۆک مسعود بارزانی بووینە



دوهێ لدیف وی بەرنامێ داریتی یێ لقا ئێک بەرپرسێ لقێ دماوێ دوو سالادا شیا هاریکاریێن مادەی ل سەر پترێ 1000هزار مالباتێن شەهیدان ل سنورێ لقێ ئێک پارڤە بکەت، ئەڤەو سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتییا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک و ب ئامادەبونا بەرپرسێ نڤیسینگەها شەهیدان یێ لقا ئێک ل سنورێ هەردوو ناوچێن کوماتە و سەرهلدان دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کۆمبوو، دڤێ کومبونێدا بەرپرسێ لقێ گوت: ئەف کارێ ئەم دکەین ل هەمبەر مالباتێن شەهیدان ل دیف ڕاسپاردییێن جەنابێ سەرۆک مسعود بارزانی بوینە کو ئەم پتر بشێین خزمەتا وان بکەین ژبو خوشکرنا ژین و ژیارا وان و هەروەها بەرپرسێ لقێ گوت پیرۆزترین واجب دژانا خودا کۆ ئەز شانازییێ پێ دکەم خزمەتکرنا خێزانێت شەهیدا بویە وئەو ئاڤاهییێ خەلکێ کوردستانێ تێدا دژیت ب شانازیڤە ب خوینا شەهیدا هاتیە پاراستن و هەروەسا پیرۆزییێن خەلکێ کوردستانێ ژی ب خوینا شەهیدا هاتینە پاراستن، هەروەسا پیرۆزییێن خەلکێ کوردستانێ ژی ب خوینا شەهیدا هاتینە پاراستن، لەوما ئەڤرو هەرچیا بو هەوە بهێتە کرن هێشتا کێمە وئەم بتنێ قەردارێن کەس وکارێن شەهیداینە، بوزانین ل مەها بهێت ژی ئەڤ بەرنامە جارەکا دی دێ دەست بکاربیتە ڤە ژ گەهاندنا هاریکارییێن مادەی و چارەسەرکرنا نەخوشێن مالباتێن. شەهیدان، ئەڤەو مالباتێن شەهیدان ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبۆ ڤێ خەم خوریا وی بو مالباتێن شەهیدان وئەڤ هاریکاریە ودیتنا وی بومە بریندت مە ساریژ دکەن.

شاندێ مەترانێن ئەرمەنی بۆ هاریکارییێن ئەرمەنان سوپاسیا حکوومەتا کوردستانێ دکەت



خەبات- دهوک: دوهی سپێدێ 9ل 4-2019 کۆچکا میهڤانداریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا ژمارەکا مەترانێن ئەرمەنیان ل وەلاتێن جیهانێ ب سەروکاتیا بەرێز دتران ئاڤاک ئەسادوریان سەروکێ تائیفا ئەرمەنێن ئەرسەدوکس ل ئیراق وکوردستانێ کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماەبونا چەند کەسایەتییێن ئەرمەنیان ل باژێرێ دهوکێ بەحسێ ڕەوشا سیاسی و ئابوری و ئەمنی ل کوردستانێ ب گشتی وپارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی کرن. دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ ڕەوشا برایێن ئەرمەن ل هەرێما کوردستانێ ب گشتی ول سنورێ پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی وئەو گرنگیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دەدتە برایێن ئەرمەنی کو ئەوژی پشکەکا گرنگا جڤاکێ کوردستانێ نە هاتە کرن. شاندێ مەترانێن ئەرمەنی سوپاسیا حکومەتا کوردستانێ و پارێزگەها دهوکێ کر هەمبەر ئەو هاریکارییێن بو برایێن ئەرمەن پێشکێشکرین نەخاسمە ڤاکارنا دێرا وب تایبەتی کو ل ڤێ دوماهیێ دێرەک ل هەولێرا پایتەخت ئاڤاکریە وبەری نوکە چار دێر ل جهێن جودا ل پارێزگەها دهوکێ ئاڤاکرینە وهاریکاریا ئەرمەنان کریە وخواست ئەڤ هاریکاریە دبەردەوامبن. پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر وپیروزباهیا وەلاتییێن ئەرمەن کر کو ل ڕۆژێن بوری دێرەکا مەزن بو وان ل هەولێرێ هاتیە ڤەکرن ول سەر بودجا حکومەتا کوردستانێ هاتیە ئاڤاکرن.

لەکاتی دامەزراندن یان لە جیاتی دانانی گرێبەست دا ئەولەویەت بۆ خۆبەخشەکانە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دکتۆر ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی ڕونیکردەوە: وەک پێزانین و لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئەو کارمەندە تەندروستیە خۆبەخشانەی کە لە دەزگا تەندروستیەکان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە خزمەتیان کردووە و پابەندی ڕێنماییەکانی کارکردن بووینەو لەکاتی هەبوونی هەلی دامەزراندن یاخود لە جیاتی دانانی گرێبەست ئەو فەرمانبەرە خۆبەخشەکان ئەولەویەتیان پێ دەدرێت بەپێی بڕوانامەو پسپۆڕیەتی خۆیان و نوسراوەکەش بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەکان کراوە تا لەکاتی هەبوونی هەلی دامەزراندن کاریان بۆ بکرێت.

16ساڵ لەمەوبەر، ڕژێمی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر لە لایەن هاوپەیمانانەوە ڕووخێندرا و کۆتایی بە دەسەلاتی خوێنڕژێی هێندرا، کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجەش، لە بەیانامەیەکدا لە سالڕۆژی ڕووخانی سەددامدا داوا دەکەن بەپێی یاسا حکوومەتی عێراق قەرەبووی قوربانیانی هەڵەبجە بکاتەوە.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجە، لە سالڕۆژی ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێندا بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە: 9ی نیسانی 2003لەگەڵ بەچۆکداهاتنی پەیکەرێک لە چوارڕێیانی فیردەوس لە ناوەڕاستی بەغدا، کە پەیکەرێک بوو لە شێوەی مرۆڤ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هێمایەک بۆ درندەیی و وەچەکوڕی و ستەمکاری بوو، ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ڕووخانی حکوومەتەکەی سەددام حوسێن ناسێندرا و پاشان تاوانباران زیندانی کران و سزا دران، بەم دیمەنەش خەونی ملیۆنان هاووڵاتیی ستەمدیدە هاتە دی.

هەر لە بەیانامەکەی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجەدا، کە وێنەیەکیان بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ناردووە، ئاماژە دراوە: داوا لە دەسەلاتدارانی حکوومەتی ئێستای عێراق دەکەین کە قەرەبووی کەسوکاری شەهیدان و زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمەکەی سەددام حوسێن بکاتەوە، هەروەها یاساکانی تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان بخەنە واری جێبەجێکردنەوە. ڕوونیش کراوەتەوە: وەک کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجە، داوا دەکەین بەرپرسانی بااڵی عێراق هاوکار بن لە جیبەجێکردنی یاساکانی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێم لە هەرێمی کوردستانیش، کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە ژمارە 2009و ژمارە 20ی ساڵی 2010دا دەرکراون، کە حکوومەتی عێراق بە پشتبەستن بەم یاسایانە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی کردووەتەوە وەک قوربانیانی دووجەیل و ڕاپەڕینی شەعبانییە، بۆیە پێویستە قوربانیانی هەرێمی کوردستانیش قەرەبوو بکرێنەوە. کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران هەڵەبجە دەشڵێ: داوا لە فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزیر و نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەکەین، پرسی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمی سەددام حوسێن بکەنە ئەجێندای کارەکانیان و هەوڵی جیددی بدەن بۆ وەرگرتنەوەی مافی قوربانیانی کوردستان



کۆمەڵەی قوربانیان داوای قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجەییەکان دەکات

لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز بەشێک لە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان زیاد دەبێت

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: هەموو ساڵێک لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز تەنها ئاردی سفر بەسەر هاوڵاتیان دابەش دەکرا، بەڵام بۆ ئەمساڵ نیسکیش زیادکراوەو پێنج کیلۆ ئاردی سفرو پینج سەد گرام نیسک بەسەر خێزانێک دابەش دەکرێت دیارە ئەو بڕیارەش لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە دەرچووە تەنها بۆ مانگە ڕەمەزانی پیرۆزە.

پارێزگاری هەولێر: پرۆژەی سیتی پاس نادەینە کەرتی تایبەت و حکوومەت خۆی دەیکات



شارەوانیی هەولێر ڕازی بووە 32هەزار مەتر چوارگۆشە زەوی بداتە پرۆژەی سیتی پاس، بەڵام کۆمپانیاکە ڕەزامەندییە پێویستەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تەواو نەکردووە و دەبێتە هۆی بێکاربوونی خاوەن پاسەکانی ئێستا، پارێزگاری هەولێریش دەڵێ پرۆژەکە نادەنە کەرتی تایبەت بەڵکو حکومەت خۆی جێبەجێی دەکات. خاوەنی کۆمپانیای باند کە دەیەوێت پرۆژەی سیتی پاس هەولێر دروستبکات، بەو بیانووەی کە ڕێگری لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی کراوە، سکاڵای لەدژی هەرێمەکا لە وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر تۆمار کرد، بەڵام سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەڵێ: ئێمە زەوییمان بۆ پرۆژەکە تەرخان کردووە. سامان محەممەد، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بە ڕووداوی ڕاگەیاند: پرۆژەی سیتی پاس جیاوازە لە پرۆژەکانی دیکە، خاوەنی کۆمپانیاکە دەڵێ من 120پاس دەهێنمە هەولێر و هێڵی نوێ دادەنێم، ئێمەش بیرۆکەکە بە باش دەزانین و دەستخۆشیشی لێدەکەین کە پاس و هێڵی مۆدیل نوێ دەهێنێتە هەولێر بە تایبەتمەندی باشەوە، چونکە هێڵی گواستنەوەی گشتی لەنێو هەولێر وەک پێویست نییە، ئەگەر ئەم پرۆژەیە بکرێ خەڵک ناچار نابێ ئۆتۆمبێلی خۆی بەکاربێنێ و هەڵی کاریش بۆ هاووڵاتیان دروست دەبێت، بۆیە ئێمە هانیشی دەدەین. بەپێی قسەی سەرۆکی شارەوانی، ئەوان هیچ ڕێگرییەکیان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە نەکردووە، بەڵکو کێشەی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە تەنیا پەیوەندی بە شارەوانییەوە نییە، سامان محەممەد دەڵێت: بەشێکی پرۆژەکە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لەڕووی دابینکردنی زەوی کە بۆ دروستکردنی گەراجی پاسەکان و دابەشکردنیان و دانانی ئیدارەی کۆمپانیاکە پێویستە، بەڵام بەشی دووەمی کە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەوەیە کە وەختێک پاسەکان دەهێنن و لە هێڵێکی گواستنەوە کاریان کرد، دەبێ ژمارەیەک پاسی دیکە دەربکەی یان بێکار دەبن، بۆیە کێشەی دیکە بۆ خەڵک دروست دەبێ. بۆ هێنانی ئەو پاسانە پێویستە پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی هەولێری هەبێ، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان کە پاسێک بچێتە نێو هێڵێکی گواستنەوە، پێویستی بە مۆڵەتی ئەوان یان پارێزگای هەولێرە.

خاوەنی پرۆژەی ستی پاس سکاڵا تۆماردەکات

پارێزگای هەولێر ڕازی نییە پرۆژەکە بدرێتە کەرتی تایبەت، سامان محەممەد گوتی: پێشتر لەبەرئەوەی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەت پارێزگای هەولێری وەرنەگرتووە، ئێمە زەوییەکەمان بۆ دیاری نەکرد و نووسراوێکمان ئاراستەی پارێزگای هەولێر کرد سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای باند، بەڵام پارێزگا لە وەڵامدا پرۆژەکەی ڕەتکردەوە. دوای وەڵامەکەی پارێزگای هەولێر بۆ شارەوانی، محەممەد زەند، خاوەنی کۆمپانیای باند سکاڵای لەسەر وەزیری شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی هەولێر تۆمار کرد و ڕۆژی 2/4/2019یەکەم دانیشتنی دادگا سەبارەت بەم دۆسیەیە بەڕێوەچوو، بەڵام سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەڵێت: سکاڵاکە بە شەخسی لەسەر وەزیری شارەوانی و من تۆمار نەکراوە وەکو کەس، بەڵکو لەسەر وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر تۆمار کراوە، چونکە ئێمە کێشەیەکی کەسیمان لەگەڵ خاوەن کۆمپانیاکە نییە. بڕیار بوو ڕۆژی 2/4/2019دانیشتنی دادگا بەڕێوەبچێ، بەڵام لەسەر داوای کۆمپانیاکە بۆ ڕۆژی 5/5/2019 دواخرا. سەرباری سکاڵاکەش، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر دەڵێت: ئێمە وەک شارەوانی بڕیارماندا کاری خۆمان بۆ ئەم پرۆژەیە بکەین، لە ڕۆژی 1/4/2019زەوییمان بۆ تەرخان کرد، کۆمپانیاکە دوو زەوی بۆ گەراج داواکردبوو کە 32هەزار مەتر چوارگۆشەیە، بەڵام ئێمە هەموویمان لە یەک شوێن بە هەمان ڕووبەر

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای مەزن و دڵۆڤان

بەڕێز کاک نەجات باپیر

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو فاتیمە حەمەد حمەدئەمینی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و کەسوکار و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبووتان بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز نەجات باپیر

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو فاتیمە حەمەد حمەدئەمینی دایکی بەڕێزتان. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە ئێوە و هەروەها لە هەڤاڵان مامۆستا جەلال و خەلیل باپیری براتان و تێکڕای خانەوادە و کەسوکار و خزم و دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و دایکی خوالێخۆشبووتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

تێگەیشتن لە یەکسانی ڕەگەزی ڕێگەیەک بۆ دەسخستنی مافی ئافرەتان

ڕاپۆرت: ژیلا کەریمی

تێنەگەیشتن و هەڵنەسەنگاندنی دروستی بابەتێک نەک سوودی بۆ بابەتەکە نابێت، بەڵکو تێگەیشتنی هەڵەش دروست دەکات. پێویستە لە هەر پرسێک شارەزایان، زمینەی تێگەیشتنی کۆمەڵگە فەراهەم بکەن تا بتوانن ئامانجی وڕووژاندنی ئەو بابەتە بپێکن. پرسی جێندەر لە کوردستان یەکێک لەو بابەتە هەستیارانە بوو کە بەداخەوە لە ڕووی نەزانی بێت یان ئانقەست مانای شێوێندرا و پێویست بوو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەر لە هێنانی ئەو بابەتە کاری جیدییان لەسەر بکردایە و بە وشیارییەکی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو وشە و بەرفرەوانی لێکدانەوەکان بکردایە. ڕای هاووڵاتیان لەو بارەوە وەردەگرین.


شەیا عەبدوللا ڕۆژنامەنووس لەو بارەوە دەڵێت: بەڵێ خوێندنەوەی هەڵە بۆ هەر بابەتێک زیان بە خودی بابەتەکە دەگەیەنێت جا ئیتر جێندەر بێت یان پرسەکانی ژنان بە گشتی کە هەر لەسەرەتاوە بە نارێکی تەرجومەیان بۆکراوە و دواتر بە شێوەیەکی خراپ بە قورگی هاووڵاتیاندا کراون، هەر بۆیەش ئێستا ڕاستکردنەوەیان چەند قاتی ناساندیان هەوڵ وتەقەلای دەوێت. کۆمەڵگەی کوردستانی لەمەڕ پرسەکانی ژنانەوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتایدایە و دەست و پەنجەی بەتەواوی لەگەڵدا نەڕم نەکردووە، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە بەدروستی لە چەمکێکی تازە و کەمێک ئالۆزی وەک جێندەر تێنەگات. بەڵام لێرەدا ئەرکە قورسەکە دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بۆ ئەوەی چەمکەکە بەجوانی بۆ خەڵک ڕونبکەنەوە و هیچ تەمومژاوییەک لەو چوارچێوەیەدا نەهێڵن. بە بۆچوونی من لە ئێستادا کارە ڕاستەکە ئەوەیە لە جیاتی ئەوەی بە خێرایی چەمکە تازەکان و گوماناوییەکان بهێنرێنە ناو فەرهەنگی کوردییەوە باشترە قۆناغ بەقۆناغ هەنگاو بنێین بۆئەوەی زیان بە هەوڵەکانی سەرەتاشمان نەگات و هەندێک کەس خراپ سودی لێببینن و وەک چەکێک لە دژی چالاکانی مافەکانی ژنان بەکاری بهێننەوە. واتە ئەوەی ئێستا بۆ کۆمەڵگەی ئێمە لە پێشینەیە هۆشیاریی بە مافەکانی مرۆڤ، ئەرکە و مافەکانی تاک لەبەرامبەر یەکتری، ئازادی ژن لە بیرکردنەوە و بڕیاردان و کارکردنداً، ئاشتکردنەوەی ژنی کورد بە ژیان بۆ ئەوەی هیچ کات خەیاڵی ئەوەش نەکات زیان بەخۆی بگەیەنێت و خۆی بستوێنێنن. دیارە ئەوەش بە هەوڵی شێلگرانەی مرۆڤ دۆستان و چالاکانی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان و دام ودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، تا ئەوەندەی دەتوانن لە کاریگەری ئەو بارە قورسە کەمبکەنەوە کە بە هۆی کلتور و خوێندنەوەی هەڵە بۆ دەقەکانی ئایینی ئیسلام کەوتۆتە سەر شانی تاک و خێزانەکان.

کەیفی هادی محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی شیکردنەوەی بۆ ئەو بابەتە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: هەرخۆی چەمکی جێندەر بو کۆمەڵگای ئێمە چەمکێکی ووروژێنەر بوو لە قۆناغێکدا کە وەکو سۆشیال میدیا بەخێرایی کەوتە نێو ئەدەبیاتی کۆمەڵگاکەمان، ئەمەش هەرخۆی لە خۆیدا بەشێک لەکۆمەڵگای کوردستانی و تارادەیەک ناوچەکەش، چەمکێکی نوێ و لێکدانەوەی جیاواز و هەڵەیان بۆ کرد و لە زۆر لایەوە بەدەربڕینی ناڕەزایی پەلاماریاندا، واەریان خست کە ئەم چەمکە و خستنە نێو کۆمەڵگە و وروژاندنی لەلایەن چالاکوانان خواستێکە



پێویستە کۆمەڵگە بە ئافرەت و پیاو هەڵی پێشکەوتن بۆ ئافرەتان بڕەخسێنن

پێکەوە بەرەو باشتر یەکسانیکردنی ئافرەت و پیاو




کاباڵ شەعبان*

لەم زەمەنەدا زۆر باس لە بارەی مافی ئافرەت و یەکسانی ئافرەت و پیاوەوە دەکرێت. لەسەر ئەو ڕایەش بەگشتی دوو جۆر بۆچون هەیە. لایەنێک باوەڕی بە یەکسانی ئافرەت و پیاو نییە. بڕوایان وایە لە کۆمەڵگای پیاو سالاریدا پیاو ئەبێ بالادەست بێ و ئافرەت ژێر دەستەی پیاو بێت.

لایەنێکی دیکە باوەڕی بە یەکسانی تەواوی ئافرەت و پیاو هەیە. لای ئەمان ئافرەت و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نییە و لە هەموو ماف و ئەرکێکدا یەکسانن. هەموو ئەو ئیشانەی پیاو دەیکات ئەبێ بوار بە ئافرەت بدرێت بیکات واتا هەموو ئەو ئەرکانەی پیاو هەیەتی ئەبێ ئافرەت هەیبێ. هەموو ئەو مافانەی پیاو هەیەتی ئەبێ ئافرەت هەیبێت. لێرەدا من ئەمەوێ قسە لەسەر لایەنی دووەم بکەم. بەڕای من هەندێ بۆشایی لە بۆچوونی لایەنی دووەمدا هەیە. ئایا ئافرەت و پیاو یەکسانن یان نا؟ ئەگەر یەکسانی مەبەست لەوە بێت ئافرەت و پیاو لە هەموو توانا و بواری کار و هێزی جەستە و میشک و هەموو سیفاتەکانی تردا وەک یەک بن، ئەوا ئافرەت و پیاو وەک یەک نین و دوو جیهانی جیاوازیان هەیە، ئافرەت لە هەندێ کاردا زۆر بە توانا و سەرکەوتوون و لە هەندێ کاری تردا زۆر بێ توانان، پیاویش بە هەمان شێوە ئەو بوارانەی ئافرەت تێیدا سەرکەوتووە پیاو تێیدا لاوازە، ئەو کارانەی پیاو تێیدا سەرکەوتووە لە توانای ئافرەت دا نییە. بۆ نمونە ئافرەت لە توانای منداڵبوون و منداڵ بەخێوکردن و ماڵ بەڕێوەبردن و ئیش و کاری ناو ماڵ و پەروەردەی منداڵدا زۆر سەرکەوتووە، بەڵام لەم بوارەدا پیاو زۆر لاوازە. هەروەها پیاو لە بواری سەربازی و جەنگ و وەرزشی سەخت و کاری تۆندوتیژیدا زۆر سەرکەوتووە، بەڵام ئافرەت تێیدا بێ توانایە. ئەمە مانای ئەوە نییە پیاو نرخی لە ئافرەت زیاتر بێت یا مافی لە ئافرەت زیاتر بێت، هەردووکیان وەک یەک ڕێز و نرخیان هەیە ئیشی ئافرەت لە ئیشی پیاو قورستر و بە نرختر و پیرۆزترە. پیاو سامان بەرهەم دێنێ، هەرچەندە ئافرەتیش وەک فەرمانبەرێک کار دەکا، بەڵام لە هەمووی گرنگتر کە پیاو سامان بەرهەم دێنێ، هاوکات ئافرەتیش مرۆڤ بەرهەم دێنێ، ئەو هەموو پیاوە جوامێر و بەناوبانگانە بەرهەم و ڕەنجی ئافرەتن. ئێستا هەوڵ دەدرێ هەموو ئەو کارانەی پیاو دەیکات بەسەر ئافرەتدا بسەپێنرێ، ئافرەتیش بێتە مەیدانی کار کردن وەک ئەوەی تا ئێستا ئافرەت کاری نەکردبێت. ئەمەش ستەمێکی گەورەیە لە ئافرەت دەکرێ. گەورەترین و قورستریش و بە نرخترین ئیش کە ئافرەت دەیکات ئەوەیە کە بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی منداڵە لە ئایندەدا دەبن بە چەندین مرۆڤی بەناوبانگی جیهان. سەرباری ئەو ئەرکە قورس و گرنگە دەیانەوێ ئەرکەکانی پیاویش بدەن بەسەر ئافرەتدا کە دەڵێین ئافرەت و پیاو بواری ئیش و کاریان جیاوازە ئیشی ئافرەت بە پیاو ناکرێت و ئیشی پیاو بە ئافرەت ناکرێت لە نرخی هیچیان کەم ناکاتەوە. بۆ نموونە وەک ئەوە وایە دوو دکتۆر یەکێکیان پسپۆڕی بواری منداڵبوونە و ئەویتریان پسپۆڕی بواری دڕانە، لە هەمان کاتدا هەردووکیان وەک یەک ڕێزیان هەیە، مافیان هەیە و مووچەیان هەیە، بەڵام ئیشەکەیان جیاوازە. نموونەی دووەم سێو و مۆز هەر دوو میوەن بەڵام سوودەکانیان جیاوازە هیچیان لە هیچیان کەمتر نین. ئافرەت ناتوانێت ئیشی پیاو بکات و پیاویش ناتوانێت ئیشی ئافرەت بکات. بە بۆچوونی من ئەو پیاوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن ئافرەت و پیاو پێویستە وەک یەک ئیش بکەن و جیاوازیان نەبێ زۆر هەڵەن. گەر لێیان بپرسی خۆیان ئامادە نین چێشتێک لێ بنێن ئەگەر ژنیان هەبێت. هیچ ژنێکیش حەز ناکات مێردەکەی جل بشوات و چێشت لێ بنێت. حەز دەکات خۆی لە مانەکەیدا سەربەخۆ بێت. سیفاتێکی تر لە ئافرەتان هەیە لە پیاودا بەدی نەکراوە و نییە. ئافرەتان بەردەوام کەسایەتی گۆڕاو و شاراوەیان هەیە و دەتوانن بە ئاسانی ڕاستییەکان لە خودی خۆیاندا بشارنەوە و کەس نەتوانێت دەرکی پێبکات. ئەوان دەتوانن پێبکەنن لە کاتێکدا لە ناوەوە لەو پەڕی لوتکەی خەمۆکی و تووڕەییدان دەشتوانن بگرین بەبێ ئەوەی هیچ پاڵنەر و هۆکارێک بۆ گریانیان هەبێ، بەڵام پیاو ناتوانێ ئەوە ئەنجام بدات زوو هەڵدەچێت و ئەوەی لە ناخیایە بەکردار دەریدەبڕێ. بۆ پێشکەوتن و بەختەوەری نەوەی داهاتوو با پێکەوە بەرەو باشتر یەکسانی کردنی ژن وپیاو.

*** چالاکوانی بواری ئافرەتان و ئەندامی ئەنجومەنی خانمان لە سلێمانی**



مافی ئافرەت
لە دووڕێیانی یاسا و کلتووردا



مەهاباد عوسمانی

لە ڕۆژ و بۆنەی جیاوازدا کە تایبەت بە ئافرەتان بیت هەموو هەوڵەکان بە نووسین و بینین و بیستن چڕدەکرێنەوە بۆ سەر ئافرەت و مافەکانی و یەکسانی و ...بەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی بۆنەکە وەها لەیاددەکرێن وەک بڵێی لە کۆمەڵگە بوونیان نەبێت، هەربۆیە بابەتەکەم بە پرسیارەوە دەست پێدەکەم، چونکە پرسیار سەرەتای خەسارناسی هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و تەنانەت سیاسیشە، کە دیارە سیاسەت کاری من نییە و خۆی لێ نادەم. پرسیار ئەوەیە، ئێمەی ژن وەک بەشێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبێت شیکاری بۆ مافەکانی ئافرەت بکەین؟ ئاخۆ پرسیارمان لە خۆمان کردووە تەنیا ڕەتکردنەوەی هەموو یاساکان بە بێ ڕەچاوکردنی کلتوری دەوڵەمەندی کوردی دەتوانێت چ خەسارێکی گەورە بێت لە بڕی دەستەبەرکردنی ماف؟ ئاخۆ یاسا جیهانییەکان سەبارەت بە مافی ئافرەت، دەتوانن بە یەکسانی پێناسەی هەموو کلتوورە جیاوازەکان بن بۆ چاکسازی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەیەکی تا سەر ئێستقان ڕاهاتوو بە فەرهەنگی داسەپاوی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا؟ یان ئەوەتا ئێمەش تەنیا یاساکانی کۆپیکراو و مافی ژنان خستۆتە بنهەنگڵنانەوە و بە بێ بیرکردنەوە هەر دەیڵێینەوە، ئەویش لە پێناو تیۆری سیاسەتی گووتار، واتە ئەوەندەی بڵێیەوە تا خۆشت بڕوای پێدەکەی. بەم چەند پرسیارەوە پێویستە بڵێم قۆناغی نوێی چۆنێتی ڕێزگرتن لە مافی ئافرەت، پێویستە ئافرەتان بە پێی خەسارناسی لە سەر بنەواری پەروەردەیی کار بکەن و دووربین بن لە جیهانی هەنگاونانی ماف ناسی. ماف لە کۆمەڵگەیەکی کوردیدا بە زۆر ناستێندرێت، بەڵکو بە کاری بنچینەیی و داڕشتنی کەسایەتی لە سەر چۆن ڕاهێنانی بەڕەی داهاتوو دەستەبەر دەکرێت، واتە دایک و ئافرەت کە "ئافراندن " نەک تەنیا دەتوانن کچانی بەڕەی داهاتوو بە شێوەی سەردەمیانەی کوردەواری پەروەردەکەن، بەڵکو دەتوانن لە بڕی ئیهانە کردن و ناو هێنانی "پیاوسالاری "کوڕەکانیشیان وا پەروەردەکەن ڕێز لە کەسایەتی ئافرەت بگرێت، چونکە ئەوەی بە گەڵاڵەیەکی دە سالی دەستەبەر دەکرێت بە ئیهانە و شکاندنی پیاو دەستەبەر ناکرێت. ئێمەی ئافرەت دەبێت تێبگەین کاکڵی میشکی پیاوانی داهاتووی کورد کە کوڕەکانی ئێمەن لە بەر دەستی ئێمەدا گەورە دەبن و ئەو ئاوێنە پاک و بێگەردە دەکرێت (تۆوی) ڕێز و خۆشەویستی تێدا بڕوێنی. لە کۆتاییدا دەبێت بڵێم هیچ یاسا و ڕێسایەک نابێت نیشتمان و کورد بوونی خۆمان لەبیر بەرێتەوە، بۆیە پێویستە بە بۆچوون و داڕێژەی سەردەمیانەی کوردییەوە لە یاساکانی مافی ژن بڕوانین، ئەویش ڕێزی بەرانبەر و چاکسازی لە هەندێک یاسا سەپاوەکاندا.



شەیا عەبدوللا



کەیفی هادی محەمەد



هاوژین ڕەسوڵ

ڕێکخراوی تایبەت بە مافی ئافرەت و پیاوان و یەکسانی هەردوو ڕەگەز دامەزراوە و کارەکەن بۆ یەکخستنی هەردوو ڕەگەز لە تەواوی کایە جیاجیاکانی ژیاندا.

هاوژین ڕەسوڵ چالاکوان لەو بارەوە دەڵێت: جێندەر بابەتێکی بەرفەوانی کۆمەڵایەتییە کە هەر وڵاتە و بە پێی کلتور و ئایینی خۆی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکات و لە هەندێ وڵات بە کوردستانی خۆمانەوە ئەو بابەتە بە خوێندنەوەی هەڵە بە لارێدا ڕۆیشتووە و بەداخەوە هەندێ کەس و لایەن شێواندوویانە و زۆر بە پێچەوانەوە لە بابەتەکە گەیشتوون، بۆیە زۆر پێویست بوو کە ڕاگەیاندکاران و چالاکانی مەدەنی بەر لە کارپێکردن و هێنانی بۆ نێو فەرهەنگی کوردی ڕۆشنبیری تەواویان لە نێو خەڵکدا بڵاو بکردایەوە چونکە هەر وەک ئاشکرایە بە هەڵە گەیشتن لە بابەتێک زۆر زیاتر زیانی هەیە تا تێنەگەیشتن چونکە ڕاستکردنەوەی باوەڕی هەڵە کاری دوو کارە و ئاستەمتر. هیوادارم ئەوانەی باوەڕیان بە پرسی ئافرەت و مافەکانی هەیە پێداگرانە کار لەسەر جێندەر بکەن و هەر لە منداڵییەوە وەک بابەتێکی پەروەردەیی بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە ئاستی ڕۆشنبیری لەو بارەوە بەرەوسەرەوە بەرن.



شا عەبدوڵڵا شای شانشینی ئوردن



لەسەر بانگهێشتی فەرمی خودی شا عەبدوڵڵا شای شانشینی ئوردن، سەرۆک بارزانی بەشداری کرد لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی ساڵانە، دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریکا

گرنگی بەشداری شاندی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندی ئابووری وڵاتی ئوردن دا

دوابەدوای خیانەتی16ی ئۆکتۆبەر، لە هەموو ئاستێکدا کوردستان لەلایەن دۆست و دوژمنان، ڕووبەرووی هێرش و هەڕەشەی سەربازیی و سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و گەمارۆی ئەرز و ئاسمان بوو. بێگومان ئەوکات هیچ ئەلتەرناتیڤێک بۆ پارتی و پێشمەرگە بەئەمەک و شەرەفمەندەکانی کوردستان نەمایەوە بێجەگە لەوەی وەکو شێرێکی بریندار بچنە نێو سەنگەری پاراستن و بەرگری کردنی لە شەرەف و کەرامەتی خەڵک و خاکی کوردستان و دووبارە نەعرەتە دروشتمی (کوردستان یان نەمان) لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەرزبووبەوە و چەکی شەرەف و کەرامەت ڕووبەڕووی داگیرگەران کرایەوە. هەڵبەت داستانەکانی پردێ و سحێلا و زومار و مەحموودیە شاهیدی ئەم ڕاستییەن کە بەهیچ شێوەیەک. هیچ کەسێک (دۆست، دوژمن، تەنانەت خاکفرۆشان) ناتوانن نکۆڵی لەم ڕاستییە بکەن. ئەمە قۆناغێکانە چارەنووسسازەکانی دۆزی کورد و ئەگەر قوربانی و بەرگری پارتی و پێشمەرگە بەشەرەفەکانی کوردستان نەبووایە، هەموومان دەزانین ئەمڕۆ کوردستان لە چ بارودۆخێکدا دەبوو؟!!. بەڵام سەرکردایەتی و حکومەتی کوردستان و بە قوربانیدان و دیپلۆماسییەتێکی بێ هاوتا ئەم قۆناغەی بڕی و ئەمڕۆ دۆخی کوردستان لە سەرکەوتن و پێشکەوتندایە و ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆست و دوژمنان ڕێز لە بەرگری بەرخودان و پێگەی پارتی و حکوومەتی کوردستان دەگرن، بۆ هەموویان ئاشکرابوو کە ئاشتیی و گفتوگۆ تاکە ڕێگایە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و حکوومەتی کوردستان. هەروەها دۆستە ئەمەکدارەکانی کوردیش دەرگای دیپلۆماسییەت و دەستی دۆستانە بۆ سەرکردایەتی و مەرجەعی کوردستان درێژدەکەن و دەستخۆشی لەخەبات بەرگری و هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردستان دەکەن. ئەوەتا ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو 6ی ئایار لەسەر بانگێشتی فەرمی خودی شا عەبدوڵڵای کوڕی حوسێن، شای شانەشینی ئوردن، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وڵاتی ئوردن کرد بۆ بەشداری کردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی ساڵانە دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفیرکا کە بەبەشداری ژمارەیەک سەرۆکی وڵات و سەدان کەسایەتی سیاسی و بازرگانی و پسپۆر و ئەکادیمی 50 وڵات، لە ژێر ناونیشانی (وێناکردنی سیستەمی نوێی هەماهەنگی) لە دەریای مردوو نزیک شاری عەمان پایتەختی وڵاتی ئوردن ئەنجام درا. شایانی باسە وێرای ئەوەی ئەم کۆڕبەندە بوویەرێکی سیاسی و ئابووری گرنگ و پێویستە بۆ کوردستان، هەروەها دەرگایەکی سیاسی دیپلۆماسی گرنگترە بۆ حکوومەتی کوردستان و مەرجەعی سیاسی کوردستان.

خەبات: تریفە ئازاد

کاریگەری ئابووری هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای زانکۆ لە بارەی بەشداری کردنی شاندێکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند وەزیرێک و پارتە سیاسییەکانی کوردستان و سەرکردەکانی کورد بەتایبەت جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی وەک سەرکردەیەکی کورد لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، لەو ئان و ساتەدا کە تازە ئابڵوقەی ئابووری و سیاسی و سەربازی سەر هەرێمی کوردستان کەمتر بۆتەوەو خەریکە دۆخی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، ڕەنگدانەوەی دەروونی لەسەر تاکی کوردستانی و کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ وڵاتانی عەرەبی و کۆمپانیاو سەرمایەدارانی بەشدار لەو کۆڕبەندە، چونکە بەشداری کورد لەسەر ئاستی باڵا بە جیا لە نوێنەرانی حکومەتی عێراق گووزارشتە لە بایەخدان بە پێگەی هەرێمی کوردستان کە بە داخەوە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکەو جیهان کەوتە بەر هێرش و هەڕەشەو گەمارۆدان، ئێستا خەریکە واقیعەکە دەگۆڕێت و پێگەی کورد لە ناوەند هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر دەبێتەوە. هەڵبەتە ئەگەر لە ڕوانگەی ئابووری قسە لەسەر بەشداری کورد لەو کۆڕبەندە بکەین لەسەر ئاستی باڵا بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر بواری وەبەرهێنان و ڕاکێشانی سەرمایەداران بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، چونکە هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکە سەقامگیرەو ئەوەش هانی وەبەرهێنەر دەدات سەرمایەکەی بخاتەگەڕ، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەسازی دەکات لە بەرژەوەندییە ئابووریەکان وا دەکات لۆبی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان پێگەی ئابووری کورد بەهێزتر بکەنەوە، ئەوەش تەنها لە ڕێگەی وەبەرهێنانی بیانی دەکرێت، تاوەک لە ڕووی سیاسیشەوە کەڵکی لێوەربگیرێت، چونکە کاتێکی وادا جارێکی دیکە پێگەی ئابووری کورد بەهێزتر و کاریگەری کۆمپانیاکان لە سەر بڕیاری وڵاتانی ناوچەکە، بەهیوای ئەوەی ئەو کۆڕبەندە ببێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ گەشەی ئابووری و هێنانی کۆمپانیای بیانی و ڕاکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی تا وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی خەڵک و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری هەبێت و پرۆژەکانیان زیاتر بەرهەمداری بێت نەک بەکاربردن.



هۆشمەند ڕەفیق



دکتۆر شاری نانەکەلی

هۆشمەند ڕەفیق: بەشداری کورد لەسەر ئاستی باڵا بە جیا لە نوێنەرانی حکومەتی عێراق گوزارشتە لە بایەخدان بە پێگەی هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دکتۆر شاری نانەکەلی دکتۆرا لە یاسی نێودەوڵەتی گشتی لە بارەی بەشداری سەرۆک بارزانی لە کۆنگرەی دەیەمی مردوو لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کۆنگرەی دەیەم ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 6 /4/ 2019 لە کەنارەکانی دەریای مردوو دەستی بەکارەکانی کرد. لەڕێز نوانیشانی (بونیادکردنی سیستەمی نوێ بۆ هاوکاری) کەتیایدا چەندین سەرۆکی دەوڵەتان و نزیکەی هەزار کەسایەتی بازرگانی و سیاسی و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەهەروەها کەسایەتی ئەکادیمی و ڕاگەیاندکارانی نزیکەی پەنجا دەوڵەت تیایدا بەشداربوو.

بەشداری ئابووری و بازرگانی لە کۆنگرەکەدا گرنگی تایبەتی پێدرا

بەشداری ئابووری وڵاتان و وەهەروەها بەرقەرار کردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەڕێگەی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆی سەرۆکی دەوڵەتان و کەسایەتیە ئابووری و سیاسیەکانی جیهان و کۆمپانیا بازرگانیەکان سەبارەت بەو پرسانەی کە ڕوو بەڕووی ناوچەکە دەبنەوە.

جێگای باسە لەبەر گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکە وە بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەل هەرێمی کوردستان لە ئێستاو لەداهاتوودا بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی بانگێشتی ئەم کۆنگریە کراو بەفەرمی و لەلایەن شا عەبدولای سەرۆکی ئوردن وەک سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێکرا هەروەک لە میدیاکان پەخشکرا کە لەتەک ئالای ئوردن ئالای کوردستانیش هەڵکرابوو کە ئەم کراداره لە بواری یاسای دیبلوماسی نێودەوڵەتی تەنها بۆ پێشوازی سەرۆکی دەوڵەتان ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی هەرگیز ئەم ڕێورەسمەی کە بۆ پێشوازی دیبلوماسی بەکاردەهێنرێت هەرەمەکی نیەو بەڵکوو تیمی تایبەت و پسپۆر لەم بواره ئەنجامی دەدەن.

ئەم جۆرە پێشوازیەی لە سەرۆک مەسعود بارزانی کرا ئاماژە بەوە دەدات کە ئایندەی کوردستان گەشاوەیە ئەوا هێواش هێواش ئەنجامی ریفراندۆمی کوردستان بەرجەستەدەبێت. گومان لەوەدا نییە کە بەشداری کردنی هەرێمی کوردستان لەم کۆنگرەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر نەخشەڕێگای سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە ئێستا و لەداهاتوودا.



سەربەست بامەرنی

پێشەوا بارزانی و بەهاکانی کوردایەتی

پێشەوا بارزانی لە خولی پێگەیاندنی کادیران، موژدەی پیکهێنانی حکومەتی ڕاگەیاند و باسی کۆمەڵێک بابەتی گرنگی کرد، لەوانە گەڕانەوە بۆ (بەهاکانی) جارانی کوردایەتی و چەند نمونەیەکی پێشکەشکرد.

منیش، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مامۆستای خولی پێگەیاندنی کادیران بووم 1974 و لە کاتێکدا کە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە کادیرانی خولی نوێ دەکەم، پێم باشە هەندێک لەو بەهایانە پێشکەشیان بکەم و هیوادارم هەمیشە سەرکەوتووبن لە جێ بەجێکردنی ئەرکە پیرۆزەکەیان، لەو بەهایانە:

- کادیری پارتی بەشێکی هەرە زیندووی ناوچەکەی لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ میللەت و هەمیشە لە خزمەتی جەماوەر بووە.
- هەمیشە ڕاستگۆ دەست و داوێنپاک، نەترس و لەخۆبوردە و ئامادەیی جێبەجێکردنی هەموو ئەرکەکانی بووە.
- کادری پارتی خۆی بەخاوەنی مەسەلەی کوردایەتی و ئامانجەکانی پارتی دەزانێ و بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە و تەواوی ژیان و گوزەرانی تەرخانەکرد.
- کە بەڕەی خەباتی پیشمەرکایەتی پێویستی بە یارمەتی بووایە هەموو توانایەکیان پێشکەش دەکرد و هیزی پشتیوانی و میلیلیان ئامادە دەکرد و زۆربشیان لە بەرەکانی بەرگری و خەباتی چەکدارانە شەهیدبوون
- هە ڕکیز خیانەت و خۆفرۆشی و دزی و درۆزنی و کاسەلێسی شۆنێپێی لە ناو ریزەکانی کادیران نەبوو.
- خۆڕاگری و قارەمانێتی و لەخوبوردن و خەباتی سەختی کادیرانی پارتی یەکێکە لە بناغە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنەکانی ئەمڕۆ.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی: کۆمپانیای توتمە جۆری ئۆتۆمبێل: مان راس تریلە تك ویل دبل قەارە رەنگی: سصی مۆدێل ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٧٥٤٣ کاتی هەولێر ژمارەی لاشە (شاصی) WMA٠٦XZZ٦GM٥٨٦٤٩٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دائرة التسجيل العقاری فی حلبجة

الرقم / ٤٢١

التاريخ/ ٨ / ٤ / ٢٠١٩

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار المرقم ٢٩٠ محلة((طويله)) الى طالب التسجيل ((نصرالدين محمد ويس)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٣ / ٤ / ٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة

القاضى / سۆران حمه شريف عبدالله

* * *

دائرة التسجيل العقاری فی حلبجه

الرقم ٣٥٤

التاريخ/ ٣١ / ٣ / ٢٠١٨

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٢٧ / ١ / ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٢ محلة ((طويله)) باسم ((فيروز محمود محمد)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم ماليديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

عمر محمود محمد

* * *

دائرة التسجيل العقاری فی حلبجه

الرقم ٣٥٣

التاريخ/ ٣١ / ٣ / ٢٠١٨

اعلان

طلب اعلان تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ/ ٣٠ / ١ / ٢٠١٩ لتسجيل تمام العقار تسلسل ٢٩٢ محلة ((پير محمد)) باسم ((سامان على مصطفى)) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمةالقانونية . ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا لتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم ((٤٣)) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذاالطلب , فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذاالعقار تقديم ماليديه من بيانات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وكذلك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالى لانتهاء مدة هذاالاعلان وذلك لاثبات حققه موقعيا فى الكشف الذى سيجرى فى اليوم المذكور لهذاالغرض

مدير / دائرة التسجيل العقارى فى حلبجه

عمر محمود محمد

* * *

محكمة تحقيق الشهال

اعلان

الى المفقود : جهاد خيرو حسين

قدم السيد / حسين خيرو حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

* * *

محكمة المواد الشخصية في الشهال

اعلان

الى المدعو (المفقود خلف اسماعيل يوسف)

للطلب المقدم من قبل المستدعيه (هديه الياس كارس) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

* * *

دادگای موادی کەسی عەنکاوە

ژمارە: ٧/م/٢٠١٩

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو: سحر صباح بهنان شوێنی نیشتەجێ بوون نادیارە

داواکار (نافع جبرائیل یوسف) داوای ژمارە ٧/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردبوو داوای پوچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان دەکات وە ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٨ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکرد بە پەستدکردنی پووچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان لە کەنیسە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری شارۆچکەی عنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبریارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاسایيدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە/٦/م/٢٠١٩

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکرا: (یسام یعقوب میخا) شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (نور عصام یعقوب) داوای ژمارە ٦/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردوە تێیدا داوا هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەری دەکات کە کاتی خۆی لەگەڵ تۆ ئەنجامی داوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری مختاری لە عەنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لە رۆژی دادبینی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بە پاشملە ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

* * *

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی زانست- خۆیەتی

ژمارە: ١٣٢٠/٢/٢

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

بۆ/ بەڕێز (م. جبار لشکری اسماعیل) بەناونیشانی (مامۆستا) لە بەشی کیمیا لە کۆلێژەکەمان

گەڤکردن (اخطار)

ئامـاژە بەفەرمانی کارگێڕیـان ژمـارە (١١٢٢) لەرێکەوتـی ٢٠١٩/٣/٢٥ کـە تیایدا هاتـووە بـە نەهاتـن و بڕینـی مووچـە لەبـەر دابرانـت لـەکار بەبـێ هـۆ و نـاگاداری ئێمـە داوات لـێ دەکەیـن کـە بگەڕێیتـەوە سـەر کارەکـەت لـە مـاوەی (٧) رۆژ ئەگـەر لەنـاوەوەی هەرێمـی بیـت وە مـاوەی ٣٠ رۆژ ئەگـەر لەدەرەوەی هەرێـم بیـت بەپێچەوانـەوە بەدەسـت بـەردار لەکارەکـەت دادەنرێـت بەپێـی برگـەی ١ لـە مـادەی ٣٧ لەیاسـایی ڕاژە ژمـارە ٢٤ سـاڵی ١٩٦٠ی هەمواركـراو کۆتایـی بەڕاژەکـەت دێـت.

پ.ی.د. تحسين غفور عبدالله

راگر بەوەکالەت

* * *

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی زانست- خۆیەتی

ژمارە: ١٣٢١/٢/٢

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

بۆ/ بەڕێز (م. هيوا كريم سعيد) بەناونیشانی (مامۆستای یایدەدەر) لە بەشی کیمیا لە کۆلێژەکەمان

گەڤکردن (اخطار)

ئامـاژە بەفەرمانـی کارگێڕیـان ژمـارە (١١٢٣) لەرێکەوتـی ٢٠١٩/٣/٢٥ کـە تیایـدا هاتـووە بـە نەهاتـن و بڕینـی مووچـە لەبـەر دابرانـت لـەکار بەبـێ هـۆ و نـاگاداری ئێمـە داوات لـێ دەکەیـن کـە بگەڕێیتـەوە سـەر کارەکـەت لـە مـاوەی (٧) رۆژ ئەگـەر لەنـاوەوەی هەرێمـی بیـت وە مـاوەی ٣٠ رۆژ ئەگـەر لەدەرەوەی هەرێـم بیـت بەپێچەوانـەوە بەدەسـت بـەردار لەکارەکـەت دادەنرێـت بەپێـی برگـەی ١ لـە مـادەی ٣٧ لەیاسـایی ڕاژە ژمـارە ٢٤ سـاڵی ١٩٦٠ی هەمواركـراو کۆتایـی بەڕاژەکـەت دێـت.

پ.ی.د. تحسين غفور عبدالله

راگر بەوەکالەت

* * *

ئاگاداری

وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەڵدەسـتێت بـە بەکـرێ دانـی ڕووبـەری (١٥٠٠)م٢ لـە پارچـە زەوی ژمـارە (١/١) ك (٤٢) کانـی قرژالـە لای ڕاسـتی ڕێـگای (هەولێـر- خەبـات) بەمەبەسـتی دروسـت کردنـی (پێشـانگای هاوچـەرخ) بـۆ مـاوەی (٢٠) بیسـت سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ناشـکرا بـە پێـی یاسـایی ٣٢ سـاڵی ١٩٨٦ هەموارکـراو ڕێنمایـی دارایـی ژمـارە (٥) ی سـاڵی ١٩٨٦ جـا هـەر کەسـێك تـاڕەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە لـە زیادکردنەکـە سـەر لـە بەڕێوەبەرایەتـی خانووبـەرەی میـری لـە هەولێـر بـدات لـە مـاوەی (٣٠) ڕۆژ کـە دەسـت پـێ دەکات لـە ڕۆژی دوای بڵاوکردنـەوەی سـەعات (١٠) ی سـەر لـە بەیانـی بـە مەرجێـك بارمتـەی یاسـایی (٢٠٪) یەدەگـی پێـی بێـت لەبـری پـارەی خەملێنـراو گشـت خەرجیەکانـی بەکـرێ دانیـش لـە ئەسـتۆی کرێچیـە.

د. كمال طيب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی/ میلاکات

ژمارە: ٣٢٦٨/١٠٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١

بۆ/ بەڕێزان لەسەرۆکایەتی شارەوانیە کانی عەنکاوە

١- اتـور صليوا يوسف ناونيشان/ ف. خزمـەت گـوزاری پێشـکەوتوو ڕێکەوتـی تەواوبوونـی مۆڵەتـی بـێ مووچـە/ ٢٠١٩/٢/٢

٢- سـلوان صليـوا شـابا ناونيشـان/ تێبینـەر ڕێکەوتـی تەواوبوونـی مۆڵەتـی بـێ مووچـە/ ٢٠١٩/٢/١٥

ئاگادارکردنەوە

لـەو ڕێکەوتانـەی کـە بەرامبـەر ناوەکانتـان دیـاری کـراوە مۆڵەتـی بـێ مووچەتـان تـەواو بـووە تاکـو تێسـتا دەسـتان بـە کارنەکردۆتـەوە ئاگادارتـان دەکەینـەوە لەمـاوەی ٧ حـەوت ڕۆژ ئەگـەر لەنـاو هەرێمـی لەمـاوەی ٣٠ سـی ڕۆژ ئەگـەر لـە دەرەوەی هەرێمـی لـە ڕۆژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە لـە ڕۆژنامـەی خەبـات دەسـت بـەکار بکەنـەوە بەپێچەوانـەوە کۆتایـی بەڕاژەتـان دێنیـن.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدين نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

* * *

سەرۆکایەتی دادگای گومرگی هەولێر

نوسینگەی داوا گومرگییەکان

ژمارە: ١٥٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٤

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ڕفاء علی عبدالمجيد

ئاگادارکردنەوە بەبریاری حوکم

لـە ئەنجامـی دادگایـی کـردن لـە داوای ژمـارە (٣٩/گ/٢٠١٥) لـە ٢٠١٩/٣/٦ لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە ئـەم دادگایـە بریاریـدا بەشـێوەی پاشـملە (غیابـی) بەئیدانەکـردن و سـزادانت بەبـری ٤٥٠,٠٠٠ چـوار سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار وەك پێبژاردنـی سـزایی بەپێـی مـادەی ١٩٤/یەکـەم/أ لەیاسـای گومرگـی ژمـارە (٢٣) سـاڵی ١٩٨٤ هەموارکـراو ئەگـەر نەیـدات بەندبکرێـت بـۆ مـاوەی (٤ چـوار مانـگ) وە زەوت کردنـی هەمـوو ئـەو دەرمانانـەی کـە دەسـتی بەسـەردا گیـراوە بەپێـی مـادەی (١٩٤/یەکـەم/ج) لـە هەمـان یاسـا، بۆیـە دادگاکەمـان بەپێـی یاسـا بریاریـدا بەئاگادارکردنـەوەت لەرێـگای دوو ڕۆژنامـەی فەرمـی ناوخۆیـی ڕۆژانـە وە مافـی تانـە لێـدان و پێداچوونـەوەت هەیـە لـە بریارەکـە لەمـاوەی یاسـایی وە بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی بنـبری وەردەگرێـت.

دادوەر/ حسن علی مراد امين

سەرۆکی دادگا

* * *

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ٩٦

رێکەوت: ٨ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٢)

پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی رادەگەیێنێـت بـۆ پـڕۆژەی (گۆرینـی پارچـەی پەمپەکانـی (Intake) پـڕۆژەی ئـاوی قەندیـل) کـە (بەڕێوەبەرایەتـی ئـاوی هەولێـر) پێـی هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـدەر و کۆمپانیایـەك ئـارەزووی بەشـداربوونی هەیـە بـا سـەر لەبەڕێوەبەرایەتـی ژمێریاریـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەك لەتەنـدەر و مەرجەکانـی بەڵێنـدەرایەتـی پـڕۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـك وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لیژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ ڕۆژی (پێنـج شـەممە) ڕێکەوتـی ٢٥ / ٤ / ٢٠١٩ دەبێـت.

وە مـەرج نییـە فەرمانگەکـەمان بەنزمتریـن نرخـی تەنـدەر ڕازی بێـت, وە کرێـی بڵاوکردنـەوەی ڕاگەیاندنـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە کـەم کردنـەوەی لەسـەر دەگیرسـێتەوە.

مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیـا تایبـەت بـە میکانیـك لـە پلـە (٦) کەمـتر نەبێـت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- بەڵێنامـەی نـووسراو بـۆ دەسـتەبەرکردنی تەنـدەر (التعهد الخطـی) لەنێـوان بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتیەکان و بەڵێنـدەر.

- دەبێـت ناسـنامەی کۆمپانیـا و یەکێتـی بەڵێنـدەران نـوێ کـراوە بێـت و لەگـەڵ خـۆی بێنێـت و بەنـاوی خـۆی بێـت ئەگـەر بەنـاوی خـۆی نەبێـت دەبێـت نـووسراوی ڕێپێـدان لەلایـەن کۆمپانیـا بێنێـت.

- فرۆشـتنی تەنـدەر (١٠٠,٠٠٠) سـەد پێنـج هـەزار دینـار کـە ناگەڕێتـەوە.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە: ٥٥١١/ش/٢٠١٨

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (اری عبدالرحمن عبدالکريم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٥٥١١/ش/٢٠١٨) کـە تایبـەتـە بـە داواکار (ئەڤین عبدالوهاب جعفر) وە داوالێکـراو (اری عبدالرحمن عبدالکريم) کـە جـۆری داوا بریتیـە لـە (بژێـوی) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی (١٥٩/گـولان) دادگا بریـاری دا لـە ڕێگـای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٢ کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێـك یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرهەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەر/ صباح حسن رشيد

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە: ٥٥١٢/ش/٢٠١٨

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بـۆ داوالێکـراو (اری عبدالرحمـن عبدالکريـم) شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (٥٥١٢/ش/٢٠١٨) کـە تایبـەتـە بـە داواکار (ئەڤیـن عبدالوهـاب جعفـر) وە داوالێکـراو (اری عبدالرحمـن عبدالکريـم) کـە جـۆری داوا بریتیـە لـە (جیابوونـەوە) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری گەرەکـی (١٥٩/گـولان) دادگا بریـاری دا لـە ڕێگـای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٢٢ کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێـك یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرهەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەر/ صباح حسن رشيد

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٤٦٦/ش/٢٠١٩

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (هەردی بشیر محمد) دانیشتوی هەولێر گەرەکی ژیان نیستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

ئامـاژە بـە داوای ژمـارە (١٤٦٦/ش/٢٠١٩) کـە تایبـەتـە بـە داواکار (دلگـەش یونـس زرار) وە داوالێکـراو (هـەردی بشـیر محمـد) کـە جـۆری داواکـە بریتیـە لـە (تصديق الطـلاق) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری موختـاری هەولێـر ژیـان دادگا بریـاری دا لـە ڕێگـای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە ڕۆژی ٢٠١٩/٥/٦ کـە خـۆت ئامادەبیـت یـان بریکارێـك یاسـایی لەجیاتـی خـۆت ئامادەبێـت بەپێچەوانـەوە دادبینـی دەرهەقـت بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ١٢٤٧/ش/٢٠١٩

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (شیاء خالد ناجی) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (دلیـر عمـر احمـد) داوای ژمـارە (١٢٤٧/ش/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (تفريق للهجـر) دەکات لـە تـۆ وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێـر/ گەرەکـی بەختیـاری) بۆیـە دادگا بریـاری دا بەپـێ ڕاگەیاندنـت لـە ڕێـگای دوو ڕۆژنامـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـەرۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٥/٨, بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بەشـێوەی ئاشـکراو پاشـملە.

دادوەر/ طارق حسين كريم

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٤٩٩/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٨/٤/٢٠١٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (عمر عبدالرحمن جبرائيل)

داواکار (بەڕێوەبـەری ڕێپێـدراوی کۆمپانیـای پانـك سـەرەڕای کارەکـەی) داوای ژمـارە (٤٩٩/ب/٢٠١٨) لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لەسـەرتان و تیایـدا داوا دەکات بـە (گەرانـەوەی خاوەنداریتـی ئامێـری کارەبایـی بەژمارەکانـی (KVA٥٥٠) بەپلێتـی ژمـارە ٧٨٩٩٢ و ژمـارە (KVA٦١٠) بەپلێتـی ژمـارە ٩٥٥٩ و ژمـارە (KVA٦١٠) بەپلێتـی ژمـارە ٧٩٣٦٠ و پوچەڵکردنـی مۆڵەتـی وەبەرهێنـان و ڕێکارەکانـی وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونتان نادیـارە بەپێـی ئیشـعاری (پارێـزگاری هەولێر/موختـاری کۆمەڵـگای هەرشـەم و پانـك) لـە ٢٠١٩/٣/١٩ بۆیـە دادگا بریـاری بەپێراگەیاندنتـان لەڕێگـەی دوو ڕۆژنامـەی ڕۆژانـەی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان بەئامادەبوونـی خۆتـان یاخـود بریـکاری یاسـاییتان لەدادبینـی ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٤ بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێـت دەرهەقتـان بەپێـی یاسـا.

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (فرهـاد خلیـل حبیـب) بـۆ بازرگانـی گشـتی و خاوێنکردنـەوەی بالەخانـە گەشـت و گـوزار/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)

پاکتاوکار/ روند احمد حبيب

ناونیشان/ هەولێر- شاری زەیتون

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٤٤٧٨٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٥٥١

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (دەسـواز) بـۆ (بازرگانـی ئامێـری زانسـتی و پێداویسـتی پزیشـکی گشـتی/سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.

مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.

ئاراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت

زیادکردنی ئاشکرا بۆ مۆلیدە

رێکخراوێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی بە نیازە زیادکردنی ئاشکرا ئەجام بدات بۆ ١٠ مۆلیدەی کارەبایی بە قەبارەی هەموو مۆلیدەکان بەکارهاتوون وە دەفرۆشرێن (وەک خۆی، لە جێگەی خۆی)و هەمووکەسێک دەتوانێت ئۆفەر پێشکەش بکات.

CODE	Model	Name
82452	250KVA	GENERATOR
82453	120KVA	GENERATOR
82582	75KVA	GENERATOR
82680	300KVA	GENERATOR
82726	107KVA	GENERATOR
82741	125KVA	GENERATOR
82770	P500KVA	GENERATOR
82809	300KVA	GENERATOR
82840	LMDE 165PM2	GENERATOR
82841	LMDE 165PM2	GENERATOR

مەرجەکان:

= ئەو لایەنانەی کە ئارەزوویان هەیە دەتوانن سەردان بکەن لە ڕۆژانی٢٠١٩/٤/١٤ تاکو٢٠١٩/٤/١٨لە کاتژمێر ٨:٠٠ بەیانی تاکو ٤:٠٠ دوای نیوەڕۆ، بۆ بینینوو پشکنین و پێشکەشکردنی ئۆفەرەکان.

= ڕۆژی٢٠١٩/٤/١٨ کاتژمێر ٤:٠٠دوای نیوەڕۆ دوا ڕۆژە بۆ پیشکەشکردنی ئۆفەری داخراو لەگەڵ کۆپیەک لە ناسنامەو ژمارەی مۆبایل.

= پێویستە بۆ هەموو ئۆفەریک ئیداعێکی گەرەنتی بە بڕی ٣٠٠دۆلاری ئەمریکی بە کاش بدرێت.

= پارەی ئیداعەکە دەستی بەسەردادەگیرێت ئەگەر براوە پەشیمان بووەوە لە پێدانی پارەی ئۆفەرکراو.

= ڕێکخراو مافی هەیە هەریەک یان هەموو ئۆفەرەکان ڕەتبکاتەوە بەبێ پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە.

= دوای تەواو بوونی پرۆسەی فرۆشتن ڕێکخراو هەڵدەستێت بە گەراندنەوەی پارەی ئیداعکراو.

= کارمەندەکانی پێشوو/ئێستای ڕێکخراو بۆیان هەیە بەژدار بن لەم زیادکردنی ئاشکرایە.

= پێویستە براوە پارە بداتلە ماوەی ٥ ڕۆژی کارکردن دوای ئاگادارکردنەوەی.

= پێویستە براوە کالا(کان) لە ماوەی سێڕۆژی کارکردن دوای دلنیا بوون لە پارەدان ببات.

ناونیشان:

بەڕێز: فەرمان

ڕێگای گەزنە (پشت کۆگاکانی ئەلوەتەنیە)

عەنکاوە

هەولێر

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٣٤١١٢٣ . ٠٧٥٠٤٦٠٨٢٤٢

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٤٥٠٦/ش/٣/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٤
جاردان
بۆ داوالێکراو (دلشاد بهاءالدین قادر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٤٥٠٦/ش/٣/٢٠١٨) دادگا بڕیاری دا بڕیاربدا لەسەر (جیابوونەوە) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٩ لەنێوان داواکار (هەلالە یحیی خضر) داوالێکراو (دلشاد بهاءالدین قادر) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سەربەستی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئاماەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٨/ك/٢٠١٩) بەپێی ماددەی ٣٩٥ی.س لە سکالای دادخواز (نیگار عبدالله اسماعیل) لە کاتژمێر (٩) لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٨ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ عادل عمر عبدالله
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٦٦/ك/١/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هولیا قباح شکر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئاماەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددە (٤٤٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا. دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی سەلاحەدین
ژمارە: ٦٠/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ دارا جلال حسن
ئاگادارکردنەوە
دادخواز (ڕێبوار اسعد عباس) داوای ژمارە (٦٠/ك/٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سەربەستی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ماددەی ٤٥٣ لە یاسای سزا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ عثمان جمال القاضی
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٦٥/ج/٣/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: اشرف حلمی زیدان
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٢٦٥/ج/٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/٢/١٨ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی حەفت سال بەپێی ماددە ٢٨٩-٢٩٨ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە ئاماەبە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٥٥/ج/٢٠١٦/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: زبیر زیرۆ مامە
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٥٥/ج/٢٠١٦/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٩/١/٢١ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بە (لەسێدارەدان تاکو مردن) بەپێی ماددە ٤٠٦ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە ئاماەبە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٢/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (توما یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١١٥٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (وردیە یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٥/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ببی حنا تومـا) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (طاهر مصطفی یوسف) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٢/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یوسف بلال) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١١/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٠/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠٠٩/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (مرقوز یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٢٠/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٧
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یوسف) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (١/٢) کەرتێ ٦٨ باتیل) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٣/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٢/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید یاقو مروکی) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (تومـا یوسف فرنسیس) ژ ماڤی مایتێجونی (حق التصرف) د مولکێ ژمارە (٤٧ کەرتێ ٧٢/شیزی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێقەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٧ کەرتێ ٧٢ شیزی)ل سێمێلێ
ڕەگەز وجۆر :- ئەردێ کشتوکالیە مولکێ دەولەتێ یە ب بارانی دئیتە ئاڤدان
ڕووبەر :- (٥٧)دونم و(١٦)اولك وپشکا قەرزداری د مولکی دا دبیتە (٤٨٠) سەهم ژ کۆژمی (٥٧٦٠) سەهمان
بهایێ هاتیە دانان بو پشکا قورزداری (٥٧٦٤٠٠٠٠) پێنجی وحەفت مەلیون وشەش سەد وچل هزار دینار عراقی جێ بەجێ کاری داد
ڕیبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /١٠١٤/ت/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٨
ئاگەهداری
ڕێقەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پشکا قەرزدار (ڕەشید



بەریتانیا و گرێکوێرەی ئێرلەندا

محەمەد سەماک

جیابوونەوەی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەورووپا (بریکزت) تەنیا کێشەیەکی ئینگلیزی- ئەورووپی نیە ، بەڵکو کێشەیەکی ئینگلیزی ژ ئیرلەندیشە کە کێشەیەکی ئالۆزتزە . دوای داگیرکردنی ئیرلەندا لەلایەن بەریتانیا کە 700 ساڵی خایاند ، ساڵی 1916ئیرلەندییەکان راپەڕینێکی سەربەخۆخوازیان ئەنجام دا ، بەڵام لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە شکستی پێ هێنرا و ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە سێدارە دران و 11هەزار کەسیش دەستگیر کران ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە مانگی یەنایەری 1919راپەڕین دەستی پێکردەوە ، هەر لەو کاتانەدا ویلسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە ڤێرسای خەریکی راگەیاندنی بنەماکانی بوو سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین .

ئەو کاتە ویلسۆن بیری لە ئیرلەندییەکان نەدەکردەوە ، بەڵکو مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، بەڵام دروشمەکانی بوونە مایەی وروژاندنی هەستی نیشتمانپەروەری کاسۆلیکەکان لە ئیرلەندا کە جارێکی دیکە لە دژی دەسەڵاتی بەریتانی ئەنجیلیکی یاخیبوونیان راگەیاندبوو .ئەو وەختە کاسۆلیکەکان لە باشوور و ئیرلەندا . بەڵام هەر ئەو کاتە ئیرلەندییەکان وەک سەربەخۆخواز هەڵسوکەوتیان کرد . ساڵی 1922، دوای کۆژرانی سەدان کەس و کۆچکردنی هەزاران کەس بۆ ئەمەریکا ، ئیرلەندا سەربەخۆیی راگەیاند و ساڵی 1923چووە ریزی کۆمەڵەی گەلان ، دواتر لە ساڵی 1925بوە دوو بەش ، بەشێکی باکوری ئەنجیلیکی سەر بە بەریتانیا کە تا ئەمڕۆش هەر وا ماوەتەوە و ئەنجیلیکەکانیش لە باکوری ئیرلەندا بڵاو بووبونەوە ، بۆیە باکوریەکان بە پشتبەستن بە پاشکۆی ئایینی زیاتر پابەند بوون بە دەربڕینی ئینتیما بۆ بەریتانیا. بۆیە ناکۆکی تایەفەگەریی و خوێناوی لەنێوان هەردوولا بەرپا بوو و چەندین ساڵ دریژەی کێشا . ساڵی 1921 ئەو ناسەقامگیریە کۆتایی هات کاتێک بەریتانیا رازی بوو بە پێکهێنانی حکومەتێکی ناوخۆیی لە بەشێکی باشووری کاسۆلیکی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، سووری نێوان هەردوولاش وەک هێلێکی سووری بەردەوام مایەوە .

ساڵی 1922سنووری نێوان ئیرلەندای باکور و باشوور دیار کرا و دریژیەکەی 500 کیلۆمەترە .باکوری ئیرلەندا کە بۆتە بەشێک لە شانشینی یەکگرتوو بریتی بوو لە شەش کەرت، باشووری سەربەخۆش 26کەرت . بەو پێیەش کە سیستمی گومرگ لە نێوان باکور و باشوور جیاواز بووە ، بۆیە سنووریکانی نێوانیان بە بەردەوامی خاڵێک بوون بۆ دزەپێکردنی کەلوپەل . لە لایەک بەریتانیا باجی بەرزی بەسەر ئەو بەرهەمە ئاژەڵیانەدا سەپاند کە باشوور هەناردەی دەکردن ، لەولاش باکوور باجی بەسەر چەندین کەلوپەلی دیکەدا سەپاند . ئەوەی لێرەدا خرایە روو ، دەبێتە نموونەیەک بۆ ئەوەی بریکزت چی بەسەر سنووریکانی نێوان باشووری ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا و باکوری سەر بە بەریتانیا دێنێ . کەواتە دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا مانای چوونەدەرەوەی ئیرلەندای باکوریش دەگەیەنێ ، دواتریش دەبێ سنووریکی گومرگی لە نێوان هەردووک بەشەکە دیار بکرێ ، ئەمەش لەلایەن دانیشتوانی هەردوو بەشەوە ڕەت کراوەتەوە . لەگەڵ ئەوەش کە زۆرینەی ئیرلەندییەکانی باکوور ڕایانگەیاند کە دژی بریکزتن ، بەڵام لە کۆتاییدا مەسەلەکە بۆ لەندەن دەگەڕێتەوە . لە کاتێکدا ئەگەر بڕیاری لەندەن جیابوونەوە بێ ، ئەو کاتە ئیرلەندای باکور توانای نیە دژایەتی بڕیارەکە بکات ، ئەمەش مانای وایە کە جارێکی دیکە سنووریکانی نێوان هەردووک ئیرلەندا دەبێتەوە .

سەربارەی ئەوانە ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا ئاشکرایان کردووە کە زۆر نیگەرانن لە زیدەبوونی چالاکی موشەکە باڵیستییەکانی تاران و ڕۆڵی ئێران لە زۆر لە ناوچەی پڕ لە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

جێی بیرهێنانەوەیە، بەرنامە موشەکییەکانی ئێران و ڕۆڵە هەرێمییەکەی یەکێن لە هۆکارە سەرەکییەکان کە بووە مایەی ئەوەی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بچێتەوە دەرەوە جارێکی دیکە پەنا بباتەوە بەر سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر کۆمار ئیسلامی ئێران .باڵیۆزانی ئەو سێ دەوڵەتە ئەورووپیە لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان بە هەڕیەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە کۆتایی کانونی دووەمی ئەوساڵ 2019لە بەیاننامەیەکیان دەکرد تیایدا سەرەکۆنەی ئێرانیان کرد لە بەرانبەر ئەوەی کە تاران بەردەوامە لە پەرەپێدانی پرۆگرامی موشەکە باڵیستییەکانی.بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 2231 ڕاپۆرتێکدا کە باس لە چالاکییەکانی ئێران دەکات کە تێک ناکەنەوە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دوای گەیشتنی بەڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، داوا لە تاران دەکات دووڕکەوێتەوە لە پەرەپێدانی موشەکە باڵیستییەکان کە لە توانایاندایە کلاوەی ئەتۆمی هەڵگرن .لە وەڵامی ئەو نیگەرانیانەی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، محمد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران لە پەیامێکدا لە ژمارەی تایبەتی خۆی لەسەر تویتەر هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیای بەوە تۆمەتبار کرد کە هەوڵدەدەن دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕازی بکەن .

لەلایەکی دیکەوە دووهەفتە پێشووتر، عەلی خامەنئی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ، هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیای بەوە تۆمەتبار کرد، کە لە پشتەوە خەنجەر لە تاران دەوەشێنن و پەیانەکانیان بەرانبەر بە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی ئێران زۆر دوا کەوتووە.لەلایەکی دیکەوە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیمانیدا کە بەردەوام دەبێت لە ڕااستکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی پێشووتری ئەمەریکا و گوتی، نێوان هەردووک ئیرلەندا دەبێتەوە دژی ئەو کاتەی کە ئەو سنوورە هەبوو ، دەبێتە هۆی زیادبوونی توندوتیژی و ئاژاوە و ئاڵۆزی لە نێوان دوو بەشەکە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کێشەیە ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و ئەوروپا و ئەمەریکا بەرپرسیار بکرێن بۆ چارەسەرکردنی .

ئەورووپا نیگەرانی لە هەمبەر ئێران دەگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتووەکان

عەبدولقادر کەڵهوڕ- ئەلشەرق ئەلئەوسەت



ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانیا ئاشکرایکرد، لە وتارێکدا بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەریەک لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا ، ئەوپەڕی نیگەرانی خۆیان لە هەمبەر چالاکییە باڵیستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران گەیاندە ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. داواشیان کرد لە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل لە هەمبەر چالاکییە پەیوەستەکان بە موشەکە باڵیستییەکانی ئێران لە دانیشتنی داهاتووی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو



دەرچوونمان لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی بووە هۆی ئەوەی حیساباتی تاران تێکبچێت و دوا بکەوێت، بەتایبەتیش بە بەراورد بە دووساڵی ڕابردوو، بەشێوەیەک ئێران وەکو ئەو ئێران پێش دووساڵ نەماوە.هەر لەو بارەوە ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکات لە ساڵیادی کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران ، سزای تووندتر بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران بسەپێنێت..ئیدارەی دۆناڵد ترامپ ئەوپەڕی گوشاری خستووەتەسەر ئێران ، وامەزەندە دەکات سزای زیاتر دەبێتە مایەی ئەوەی ڕەوشی ئابووری ئێران وێران بێت و ناڕەزاییە ناوخۆییەکان بگەنە ئەو پەڕی ئەوەش وادەکات سیستەمی حوکم لەو وڵاتە لاواز بێت و بەرەو نەمان بچێت. بەشێوەیەک لە ئیدارەی ترامپ لە تشرینی دووەمی پارساڵ سزای گەمارۆی نەوتی خستە سەر ئێران و قەدەغەی هاوردەکردنی نەوتی ئێرانی کرد بۆ وڵاتان تەنیا هەشت دەوڵەت نەبێت. ئەو سزایەش لە ئایاری ئەوساڵ کۆتایی دێت .

سالی 1834:

دوای مۆرکردنی میساقی پادشایەتی ، پەرلەمانی ئسپانیا (کورتیس) دامەزرا .



سالی 1941:

هێزەکانی ئەڵمانیا بە سەرکردایەتی رۆمل شاری سێرتی لیبیایان داگیر کرد .



سالی 1972:

ئەمەریکا و سۆڤیەت و 70وڵاتی تر ڕێککەوتنی قەدەغەکردنی چەکی بایۆلۆژیان مۆر کرد.



سالی 1998:

ڕێککەوتنامەی بەلفاست لە نێوان حکومەتی بەریتانیا و کۆماری ئیرلەندا و پارتەکانی ئیرلەندای باکور واژۆ کرا .



سالی 2010:

لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی ، لیخ کاچنسکی سەرۆکی ئەوکاتەی پۆڵەندا گیانی لەدەست دا .



سالی 2016:

لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە پەرستگایەک لە هیند ، زیاتر لە 450کەس بوونە قوربانی .



www.xebat.net
چوارشەممە 2019/4/10 ژمارە (5727)

پرۆفایل



شارل دیگۆل ..
باوکی رۆحی کۆماری پێنجەمی فەرەنسا

تا : هەندرین شێرزاد

شارل دیگۆل ، ئەو ژەنەرال و سەرکردە سیاسیەی کە بە باوکی رۆحی کۆماری پێنجەمی فەرەنسا ناو دەبرێ ، هاوکات زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو دامەزرێنەری فەرەنسای هاوچەرخە و لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیشدا وڵاتەکەی لە نازیەت رزگار کردووە . لە راستیدا دیگۆل هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی پێشخستن و بەرگریکردن لە وڵاتەکەی تەرخان کرد .

ڕووبەڕووبوونەوەی نازیەت

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا دیگۆل خۆی خزاندۆتە نێو گۆڕەپانی سیاسەت .

لە کاتی شەڕدا بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو بە دیل گیراوە .

ساڵی 1918دوای مۆرکردنی ئاگربەست ئازاد کراوە و دوای گەڕانەوە بۆ وڵات لە قوتابخانەی سان سیری سەربازی بۆتە مامۆستا ساڵی 1925بۆتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای جەنگ لە سوپای فەرەنسا .

لە کاتی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهاندا ، ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی نازیەکان بۆ سەر پاریسی پێ سپێردرا ، بەڵام لە کارەکەی سەرکەوتوو نەبوو .

ڕووی کردە بەریتانیا و ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نازیەکاندا چۆتە بەرەی هاوپەیمانان .

لە بەریتانیا حکومەتی فەرەنسای ئازادی دامەزراند بە یارمەتی هاوپەیمانان سەرکەوتنی وەدەست هێنا و وڵاتەکەی لە نازیەت رزگار کرد و وەکو پاڵەوانێک گەڕایەوە فەرەنسا .

بونیادنانی فەرەنسای هاوچەرخ

دیگۆل تەنیا لە سیاسەت شارەزا نەبوو ، بەڵکو لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیشدا پسپۆڕ بوو .

دەستی بە خۆماڵیکردنی بانکەکان و چەندین دامودەزگای پیشەسازی کرد ، بە تایبەتی ئەوانەی خاوەنەکانیان لایەنگری نازیەکان بوون .

بەهای فرەنکی هێنایە خوار و دراوێکی دیکەی بە هەمان ناو حستە ڕوو کە هەر فرەنکێک بەرامبەر 100 فرەنکی کۆن بوو .

جەختی لەسەر چاکسازیکردن لە بواری کشتوکاڵ کرد و کۆمەڵێک یاسای نوێی وەک ئاسانکاری لە بواری بونیادنانی شاری نوێ دەرکرد .بایەخێکی زۆرب بە بواری زانستی دا و کۆمەڵێک سەنتەری زانستی پێشکەوتووی دامەزراند .ئەمە وێڕای گرنگیدان بە پیشەیازیە ئەتۆمیەکان و هەوڵدان بۆ چوونە نێو ململانێی کارکردن لە بواری بۆشایی ئاسمان .

دابینکردنی بنکەکانی مەشقی پیشەیی وەکار خستنی دەستی کار یەکێک لە کارە گرنگەکانی بووە ، هەر ئەمەش بووە مایەی بونیادنانەوەی ژێرخانی فەرەنسای وێرانکراوە .

ڕاپرسی دووڕکەوتنەوە

لە کۆتایی شەستەکان و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی نارەزایی قوتابیان و خۆپیشاندانی کرێکار و کارمەندان ، حکومەتی دیگۆلیش ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی توند بووەوە .

وەک یەکەم هەنگاو ، پەرلەمانی وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە .

بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ناحەزان ، لایەنگرانی دیگۆل هەڵڕژانە سەر شەقام و خەریک بوو وڵات دووچاری شەڕێکی ناوخۆ ببێتەوە .

دیگۆل پێشنیازی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی سەرتاسەری خستە ڕوو سەبارەت بە مانەوەی یان دووڕکەوتنەوە لە دەسەڵات.

لە ڕاپرسیەکەدا لایەنگرانی دووڕکەوتنەوەی دیگۆل بە جیاوازیەکی کەم سەرکەوتنیان وەدەست هێنا .

لە ئەپریلی 1969بە تەواوی لە ژیانی سیاسی کشایەوە .

ساڵی 1970کۆچی دوایی کرد .





دیگۆل کێیە؟

ناوی تەواوی چارلس ئەندرێ جۆزیف دیگۆلە.

ڕۆژی 22ی نۆڤەمبەری 1890لە شاری لیل لە باکوری فەرەنسا لەدایک بووە . کوڕی خانەوادەیەکی کاسۆلیکی پارێزگار بووە.

لە فوتابخانەی یەسوعی لە پاریس دەستی بە خوێندن کردووە.

ساڵی 1909پەیوەندی بە قوتابخانەی سان سلاسی سەربازیەوە کردووە.

دواتر چۆتە قوتابخانەی سان سیری سەربازی.

ساڵی 1912لە بەشی هێزی پیادە بە پلەی ملازم دەرچووە.

مانشێت



سکای نیوز:
ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان.



ئەی ئێف پی:
لە نزیک پێگەی باگرامی ئاسمانی لە ئەفغانستان، ئۆتۆمبیلێک تەقیەوە و لە ئەنجامدا سێ سەربازی ئەمەریکی کوژران و تالیبان بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە کردەوەکە ڕاگەیاند.



ئەلجەزیرە:
پاکستان ڕایگەیاند کە هیند ئامادەکاری دەکات بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی دیکە لە ناوچەکە.



ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا پەیانی دا کە حکومەتەکەی ڕێژەی باج و خەرجیە گشتیەکان کەم بکاتەوە .



کەنالی ئار تی :
ماتیۆ سالڤینی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆی ئیتالیا ڕایگەیاند کە تورکیا هەرگیز نابێ بە ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا .



ئەلعەرەبیە:
ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی نووسیویەتی : پێش کوشتنی ، معەمەر قەزافی 30ملیۆن دۆلاری شاردۆتەوە .

سەیرانگە و هاوینگە و هاوارگە و هاوینەهەوار چۆن دەکرێنە شوێنی گەشتوگوزاری؟



مێرگەپان- فۆتۆ: هێمن رانیەیی

پێویستە نووسەر و خوێنەران ئاگاداری بەکارهێنانی چەمکەکانی گەشتوگوزار بن و لە شوێنی شایستە بەکاریان بهێنن



سەیرانگەکان لە هاوین بەهۆی گەرمای زۆر و کەمی خزمەت هاوڵاتیان و گەشتیاران ناتوانن رووی تێبکەن و سوودیان لێوەربگرن. بەڵام هاوینەهەوار کۆمەڵێک خزمەتگوزارییان تێدا دابین کراوە، خاوەنیان دیارە و لە بری خزمتگوزاری پارە وەردەگرن.

نادر روستی

رۆشنبیری گەشتیاری پێویستیەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار، چەند لە زارەواکان شارەزاتر بین باشتر دەتوانین پەرە بە کەرتی گەشتیاری بدەین، بابزانین جیاوازی نێوان ئەم چەمکانە چین و چۆن دەتوانین بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری سوودیان لێوەبگرین.

هەوارگە: دەشێ شوێنی زستان بێت یاخود شوێنی هاوین یان وەرزەکانی دیکە بێت. هەوارگە بەو شوێنە دەگوترێت کە مرۆڤ سالانە یاخود چەند ساڵ جارێک بۆ مەبەستی گەشت یان کاری تایبەت رووی تێدەکات و بۆ ماوەی چەند رۆژ یان چەند هەفتەیەک یاخود مانگێک تێیدا هێنێتەوە و دواتر بۆ هەواریکی دی بروات یاخود بگوازێتەوە. یان بگەڕێتەوە شوێنی رەسەنی ژیانی خۆی.

هاوینگە: بەو شوێنە دەگوترێ کە مرۆڤ (گەشتیار) لە رۆژانی گەرم و ناخۆشی وەرزی هاویندا بۆ کات بەسەربردن رووی تێ دەکات و بۆ ماوەی یەک رۆژ لە وێدا دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ شەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی لە گوند بێت یاخود لە شار.

هاوینەهەوار: ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ لە وەرزی هاوین بۆ ماوەی چەند مانگێک ژیانی لێبەوە بەسەر دەبات و بەخۆشی گوزەران دەکات. هەرچی هاوینەهەوارەی گەشتوگوزارییە کە ماناکەی لەم هاوینەهەوارەی کوردەواری وەرگرتووە؛ ئەوە بەو جێگا و شارانە دەگوترێت کە کۆمەڵێک پێداویستی و خزمەتگوزاری و شوێنی کات بەسەربردن بۆ میوانەکانی دابین کردووە و لە جیاتی یەک خانوو کۆمەڵێک خانوو(هوتێل و موتێل) بۆ مەبەستی پێشوازی گەشتیاران ئامادەکراوە، کە رەنگە گوندێک یان شارێک بگرێتەوە. گەشتیارانیش لەوەرزی هاوین بۆکات بە سەربردن و خۆشی و گوزەران بۆ ماوەی چەند هەفتە و مانگێک رووی تێدەکەن و لێیەوە دەمێنەوە و لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان پارە خەرج دەکەن و سوود بە خاوەن و خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنانە دەگەیەنن.

سەیرانگە: وەک چەمکەکانی دیکەی گەشتوگوزار، لە هەندێک لاوە تایبەتمەندی گەشتوگوزاری بە خۆیەوە گرتووە، بەڵام لە هەمان کات جیاوازی زۆری لە گەڵ هاوینەهەوار و هاوینگە و هەوارگەدا هەیە و بە شوێنێکی گەشتیاری هەژمار ناکرێت.

سەیرانگە بەو شوێن و جێگایە دەگوترێ کە هاوڵاتیانی شارێک یاخود ناوچەیەک لە سەرەتای بەهار بۆ کات بەسەر بردنی رۆژانەیان رووی تێ دەکەن و بە شادی و کامەرانی کاتەکانیان بە سەر دەبەن و بۆ شەو دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان، سەیرانگە هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە لە وەرزی بەهاردا سروشتێکی رازاوە وجوانیان هەیە و سەرنجی هاوڵاتیان بەلای خۆیدا رادەکێشێت، هاوڵاتی بە مەبەستی پشوودان و دیتنی دیمەنە جوانەکانی بەهار روو لە سەیرانگاکان دەکەن. کەواتە تایبەتمەندیەکانی سەیرانگە جیاوازە لە تایبەتمەندی هاوینەهەوار، هاوینگە، هەوارگە .

سەیرانگە زیاتر لە وەرزی بەهار شیاوی سەیرانە .کەواتە دەشێ گشت شوێنک ببێت بە سەیرانگە کە هیچ خزمەتگوزاریەکی بۆ دابین نەکراوە، بەڵام دیمەنێکی سروشتی جوان و سەرنجراکێشی هەیە. سەیرانکاران هیچ پارەیەک لە بری خزمەتگوزاریەکان لەو شوێنە خەرج ناکەن، واتە سەیرانگە داهاتی بۆ خاوەنەکانی نییە. ئەوانەی بایەخ بە سەیران دەدەن و دەچن بۆ سەیرانگەکان، دانیشتوانی شارەکانی دەوروبەری شارەکانن، هەندێک جاریش هاوشانی هاوڵاتیان دەبێت بە سەیرانکار، بەیانی بۆ دەردەچێت و ئێوارە بۆ شوێنی نووستن دەگەڕێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە وەرزی سەیران (نزهە- پیکنیک- picnic) دەوروبەری زۆربەی شارەکان دەبێت بە سەیرانگە و دانیشتوانی دەوروبەری سەیرانی تێدا دەکەن و پێویستیان بە دیتنی شوێنی دوور نییە، بۆیە گەشتی بۆ ناکەن و لە نزیکترین شوێن سەیران دەکەن. بەڵام هەرچی هاوینەهەوار و هاوینگەکانن، لە وەرزی هاوین زیاتر بایەخ پەیدا دەکەن و دەبنە شوێنی گەشتوگوزار، چونکە سەیرانگەکان لە هاوین بە هۆی گەرمای زۆر و کەمی خزمەت هاوڵاتی گەشتیاران ناتوانن رووی تێبکەن و سوودی لێوەربگرن. بەڵام هاوینەهەوار کۆمەڵێک خزمەتگوزاریان تێدا دابین کراوە، خاوەنیان دیارە و لە بری خزمتگوزاری پارە وەردەگرن، بەشێکی زۆر لە گەشتیاران لە شارو وڵاتە دوورەکان روو لەو شوێنانە دەکەن، هاوینەهەوار و هاوینگە شوێنی زۆر دەگمەن و کەمن کە پێویستە مەرجی بوون بە هاوینەهەوار یان هاوینگەیان هەبێت، واتە تەنیا هەندێک شوێن و شاری تایبەت نەبێت نابنە هاوینەهەوار. بۆیە لێرەدا پێویستە نووسەر و خوێنەران ئاگاداری بەکارهێنانی چەمکەکان بن و لە شوێنی شایستە بەکاریان بهێنن. جێگای داخە کە لە سەر رووی لاپەرەی رۆژنامەکان دەبینم و لە دەمی بێژەرەکان دەبیستم کە چەمکی سەیرانگە و هاوینەهەوار و هاوینگە تێکەڵ دەکەن و بە هەڵە بەکاریان دەهێنن!! بۆ نموونە بە تەوسکە یاخود شێرەسوار یان بە هەنارەی نزیک هەولێر دەڵێن هاوینەهەوار کەچی ئەمانە سەیرانگەن و هیچ مەرجی نە هاوینگە و نە هاوینەهەواریان تێدا بەدی ناکرێت، لە هەمان کاتدا هەندێکی دی هاوینگە دەکەنە هاوینەهەوار، بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی هاوینەهەواریان تێدابێت، لە گەڵ ئەوەشدا هەندێک هاوینگە هەیە کە بەشێک لە مەرجی هاوینەهەواری جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە هەندێک لەوانە چەند شوێنێکی شەوانەیان دروست کردووە و گەشتیار دەتوانێ شەو تێیدا بمێنێتەوە، بەڵام نەبۆتە خاوەنی بازاڕی تایبەتی گەشتوگوزاری، نەبۆتە خاوەنی یاریگا و باخچەی گشتی و شاری یاری، بۆیە ناکرێ بە ئاسانی پێیان بگوترێ هاوینەهەوار.

چەوانیا خزمەت و بەرنیاسکرنا جێن گەشتیاری؟

بێوار سندی

ـەلبەت کەرتێ گەشت و گوزار ئێک ژ کەرتێ ـەرە گرنگە ل زوربەیا ولاتێن جیانێ و گرنگی دان ب کەرتێ گوزاری گرنگیدانە ب یێزکرنا ژێر خانا ئابوریا ـەر ولاتەکێ و گەلەک ولاتێن جیانێ ژ ڤی کەرتی بوجەیەک ریژەیەکا باش ژ ڤی کەرتی پەیدا دکەن ، ئەگەر تو تەماشە بکێ کوردستان ئێک ژ ولاتێ گەشتیاریە ـەر ژ سروشتێ وێ و کەش و ـەوایێ دیمەنێن سەرنج راکێش لێ ـەنە دەولـەمەندە ب سروشتەکێ جوان یێ گەشتیاری ، سەقا و جیا و میرگ و روبارێن مەزن و بجیک لێ ـەنە ئەف ئێکە وەسا خویا دکەت ئەگەر د ئایندەی گرنگیەکا ـەرە باش ب کەرتێ گەشتیاری بێت دان کەمتر نابت ژ گەلەک ولاتا ئەڤێن سالانە ب ریزبەندێ ئێکێ دێن کو گەشتیار سەردان وان دکەن ، چەندین خال ـەنە بو بەرنیاسکرن و خزمەتکرنا جێن گەشتیارا و راکێشانا گەشتیارا ئێکەم پێنگاڤ دڤیا ئەم ـەمی ـەولبدین ئاستێ روشنبیریا گەشتیاری ل دەف خوە ب یێز بکەن و سەردەریەکا زور باش دگەل گەشتیارا بکەن وەکو بنگەهێن گەشتیاری ئەو کەسانێن ل ڤان جا کاردکەن ئاستێ روشنبیریا وان یا گەشتیاری خورت بت کەسانێن شارازا لڤان جا کاربکەن ـەر ژ ـاریکاری بگرە و پێشوازی و خزمەتکرنەکا باش ، خالەکا دێ دێ جەوا جێن گەشتیاری ێنە بەرنیاسکرن ئێکەم پێنگاف ریکلامەکا باش سەردەمیانە بو وی بنگەهێ گوزاری بێت کرن چ ب ریکا ڤیدیوا و وێنا پروموبا و ئینسیترتا ریکلامێن مودرێن بو کەنالێن پروفیشینال و نورمال و نافخوی دیسان ب ریکا رادیوو و تایبەتی سوسیال میدیای بریکا پەیجا بو تورێن کومەلایەتی ئەو ریکلامە بینە سپونسەر بو وان دەڤەرێن گەشتیار لێ سەردانا ـەرێما کوردستانێ دکەن و ئێکەم جار دەما گەشتیارەک پێتڤی جەکێ دبت ج پارک بت یان موول و خارنگە. و فروشگە. و کافتیریا و تەکسیێ مینی پاس دڤیا سەردەریەکا کونجاى باش و داشکاندن بو وان بێن کرن وەکو ـاریکاری سەرنجا ڤان گەشتیارا بێتە راکێشان و ناف دەنگەکێ باش ل پەی خوە بینت ، دیسان پێشاندنا داب و نەرێت کلتوریّ کوردەواری و دروستکرنا خارنێن کوردەواری ل خارنگەما بێتە دروستکرن بو گەشتیارا ، ـەلاویستنا وێنەیێن مەزن یێن جێن گـوزاری ل خـارنـگـە. و کـافـتـیـریـا و گـازیـنـویـا جێ وێنەیێن گەشتیاری یێ بیانی ، فەرە بنگەهێن گوزاری کارمەندێن بەشیێ تورێزمی دەلیڤا کاری بوان پەیدا بکەن ژبەرکو ئەو د بوارێن گـەشـتـیـاری ئـیـداری و خزمەتکرنێ و پێشوازیێ و رێبەریا گەشتیاری شارازانە کەسانێن ئاکادمی کـونجـاى تـرن ژ کـەسـانێن دیـتـر ، ـەر بنگەهێ گوزاری دڤیا کەتەلوک و پروشێنەر و رێبەتی ل دەف وان ـەبن ب زمانێ کوردی و زمانێن جیـانی ب زمانێن ولاتێن دراوسێ ئەف ئێکە دێ بتە پتر رێ خوشکەرەک گەشتیار ل ـەرێما کوردستانێ شارازابت پتر دێ بتە رێکەک بو بلنتکرنا راکێشانا گەشتیارا .



ئەم شوێنە بناسە

مەزارگەی رەبەن بۆیا



دەکەوێتە سنووری هاوینەهەواری شەقلاوە، لەسەر رێگای گشتی (شەقلاوە ژ هیران) لە قەدپاڵی چیای سەفین بە دووری 46کم لە هەولێر هەڵکەوتوە، لە بەرزایی دۆڵێکە کە دەڕوانێتە سەر شارۆچکەی شەقلاوە. تاکو نزیک مەزارەکە رێگایی ئوتومبێل هەیە، دواتر گەشتیار بە پیادە دەڕوات. ئەم مەزارە پیرۆزە لە لایەن موسوڵمانان بە (وسو رەحمان) و لەلایەن مەسیحییەکان بە (رەبەن بۆیا) ناو دەبرێت و هەردوولا بە پیرۆزی دەزانن، واتە موسلمانان و مەسیحیەکان لە کاتی جیاواز بۆ دوعا و پارانەوە سەردانی دەکەن. هەروەها گەشتیارانی مەسیحی لە دوای جەژنی قیامەت لە مانگی نیسان لە زۆربەی شوێنەکانی عێراق رووی تێدەکەن. مەزارەکە لە ئەشکەوتێدا لە بەرزی (20) م لە شاخ هەڵکەندراوە. دوو ژووری گەورە و چەند ژوورێکی بچووکیشی هەیە، شوێنی پیاوێکی ئایینی خواپەرست بووە و میژووەکەی دیار نییە.



ئەمشەو لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا

مانچستەر یونایتد- بەرشلۆنە
ئەیاکس ئەمستردام- یۆڤینتۆس



مان یونایتد لە فرۆشتنی پۆگبا زەرەر ناکات



خۆسیا ئەلقارێز رۆژنامەنووس کەنالی لاسیکستای ئیسپانی بەهای ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کە یانەی ریال مەدرید لەسەریەتی بیدات لە پێناو گواستنەوەی پۆگبا بۆ ریزی یانەکەی.

ئەلقارێز دەڵێت: ئەو پارەیەی کە ریال مەدرید لەبەرامبەر پۆگبا دەیدات لە نێوان 150بۆ 170ملیۆن یورۆیە، کە نزیکەی 15ملیۆن یورۆ زیاترە لەو بڕە پارەیەی کاتی خۆی یانەی مان یونایتد دایە یانەی یۆڤینتۆس بۆ هێنانی ئەو یاریزانە.

راهێنەری چێڵسی: ئەستەمە بتوانین هازارد بهێڵینەوە



ماوریسیۆ ساری راهێنەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی دانی بەوەدا کە زۆر زەحمەتە بتوانن هازارد لە ریزەکانی چێڵسی بهێڵینەوە و ئەو یانەیە جێنەهێڵێت، لەکاتێکدا کە یانەیەکی وەکو ریال مەدرید داوای بکات.

ساری دەڵێت: هازارد یاریزانێکی زۆر باشە، بەڵام ریال بڕی 100ملیۆن ئیسترلینی بۆ ئەو یاریزانە حستۆتە روو، کە ئەمەش پارەیەکی یەکجار زۆرە، بۆیە ئەستەمە بتوانین ئەو یاریزانە بهێڵینەوە و ریز لە بڕیارەکەی دەگرین ئەگەر بیەوێت ئێمە جێبهێڵێت.

کلۆپ جێگرەوەیەک بۆ سادۆ مانی دیاری دەکات



یانەی لیڤەرپوول بەدوای ئەستێرەیەک دەگەڕێت کە بتوانێت شوێنی سادیۆ مانی بگرێتەوە، کە راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن ئەو یاریزانە لە گواستنەوەی هاوینەدا لیڤەرپوول بەرەو ریال مەدرید جێدەهێڵێت.

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی بڵاویکردۆتەوە کە یۆرگن کلۆپی راهێنەری لیڤەرپوول دەیەوێت جێگرەوەیەک بۆ ئەو یاریزانە سەنیگالیە بدۆزێتەوە، راپۆرتەکە ئاشکرای کردووە کە کلۆپ چاوی بڕیوەتە مەمفیس دیبای هۆڵەندی و یاریزانی لیۆنی فەرەنسی، کە بەمدواییە بەئاستیکی باش دەرکەوتووە هەم لەریزی لیۆن هەم لە ریزی هەڵبژاردەی هۆڵەندا، کە ئەمەش بووەتە جێی سەرنجی راهێنەری لیڤەرپوول.

دی لیخت: هێشتا خۆم یەکلایی نەکردۆتەوە

یاریزانی هۆڵەندی، ماتیاس دی لیخت، بەرگریکاری یانەی ئەیاکس ئەمستردام، دووپاتی کردەوە، ئەو هێشتا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە و بڕیاری لەسەر چارەنووسی خۆی، لە بازاڕی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو نەداوە. ئەمەو دی لیخت، بە یەکێ لە دیارترین ئامانجەکانی بەرشلۆنە، لە بازاڕی گواستنەوەکانی هاوینەی داهاتوو دادەنرێت، بێجگە لەو یانەکانی یۆڤانتس، پاریس سان جێرمان و ریال مەدریدیش، بایەخ بە بەدەستهێنانی تواناکانی دەدەن.

دی لیخت، لەمبارەیەوە لێدوانی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دا، کە رۆژنامەی مارکای ئیسپانی چەند لایەنێکی بلاو کردووەتەوە و وتی:"لە ئایندەدا چی روو دەدات؟ تاکو ئەو ساتە هیچ بڕیارێکم نەداوە، من هێشتا یاریزانی ئەیاکسم. توانیمان بگەینە یاری کۆتایی جامی هۆڵەندا، لەگەڵ گەیشتن بە قۆناخی چارەکی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا".

هەروەها وتی:"هێشتا کاتی زۆرم لە پێشە، بۆ ئەوەی خۆم یەکلایی بکەمەوە و بڕیار بدەم، لە داهاتوودا لە کۆچ یاری دەکەم، ئەوکات بڕیاری خۆم دەدەم". شیاوی باسکردنە، یانەی ئەیاکس، رکابەری لەسەر سێ نازناو دەکات، خول و جامی هۆڵەندا، لەگەڵ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، کە لەم قۆناغەدا(قۆناغی چارەکی کۆتایی) رووبەڕووی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی دەبێتەوە. بۆ بەبیرهێنانەوەش، ئەیاکس تەنیا یەکجار سێ نازناوی لەیەک وەزردا بەدەستهێناوە، ئەویش لە ساڵی 1972لەسەردەمی ئەفسانەی فریوو، یۆهان کرۆیفدا بوو.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 10. Apr. 2019 No: (5727)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



لەهەولێری پایتەخت: کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لە بارەی (میژووی کوردو کوردستان) بەڕێوە دەچێت

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لە بارەی هەولێر لە سەرچاو میژوییەکاندا لە زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەدەچێت. ئەمڕۆ کاتژمێر(30/9)ی بەیانی، لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین، لە شاری هەولێر، دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لە بارەی (میژووی کوردو کوردستان) بە ناونیشانی (هەولێر لە سەرچاوە میژوییەکاندا- خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن) لە زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوە دەچێت. لە مەراسیمی دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا هەریەکە لە سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و ڕاگری کۆلێژی ئاداب و پارێزگای هەولێر وتار پێشکەش دەکەن و پاشان (١٢) پانێلێی جیاوازدا کە لە هەر پانێلێکدا (٤) توێژینەوە لە ماوەی دوو ڕۆژدا گفتوگۆی زانستی لە بارەی میژووی هەولێر لەڕوانگەی زانستییەوە دەکرێت. شیاوی باسە کۆنفرانسەکە بە بەشداری ((70توێژینەوە لە (9) وڵاتی جیاواز بەڕێوەدەچێت

سەرەتای چوونە نێو کەژاوەی بووکێنی، بە گوڵ نەخشاند



شۆخان ئەحمەد و هاوسەرکەی شانەواز، بۆ یەکەمین جار، بە کەژاوەی زێڕینەوە بەشداری پێشانگەیان کرد. شۆخان ئەحمەد بە گوڵێکی دڕکاوی بەشداری پێشانگەی (لەنجەولاری جوانیی) دا کرد کە تێیدا 34خانمی فۆتۆگرافەر لە بێشانگەکەدا بەشداریان تێدا کرد.

لە دەنگە ڕەسەنەکانەوە
مامۆستای مەقامی کوردی (خودادد عەلی)

ناوی تەواوی خودادد عەلی کەریم-ە، ساڵی 1912 لەدێی (کارێز)ی نێوان (ئاغاو خەلیفە)ی نزیک مەزارگەی ئەلمەداری خانەقی هاتۆتە دنیاوە، پێکهاتەی ناوەکە بەمانای خودا-دای، خودادد هەر لە منالییەوە نێردراوەتە بەر خوێندنی حوجرە، دواتر بووەتە کەسێکی تەواو خوێندەوارو ناسراو، تا ئەو ئاستەی بووەتە مامۆستای ئایینی ، لە ساڵی 1947 چووە ڕادیۆی کوردی بەغداو بەشێوەی ڕاستەوخۆ گۆرانی پێشکەشی گوێگران دەکرد یەکەم گۆرانیش مەقامی ئای ئای ناوچەی گەرمیان بوو.

لەسەرەتادا هەفتانە بۆ ماوەی نیو سەعات بە ڕاستەوخۆ گۆرانی دەوت، تا ساڵی 1953ڕادیۆ دەستی کرد بە تۆمارکردنی بەرهەمەکانی ..ئەو بەرهەمە ناوازانەی بە شیعرەکانی مەولەوی و سەی یاقوو مەلای جەباری و تاد خوێندووە، کۆی ئەو گۆرانییانەی لە ڕادیۆی بەغدا تۆماریکردووە 53 گۆرانییە ، پاشان لە سەرەتای سالانی حەفتاکاندا 3گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، بە ناوەکانی (ئەلۆەن-1972، میرزام سەراوی-1973، بامبرم لانکێ-1974) دیارە ئەمەی دواییان (قەتارو خاوکەر)ە. مامۆستا خودادد هەتا ساڵی 1986 سەردانی بەغداو ڕادیۆی کردووە، بەداخەوە ڕۆژێکیان لەشاری بەغدا و لە پەڕینەوەدا لە ناوچەی سالحیە ئوتومبیل دەیشێلێ، پاشان لە 1986/2/20دا بۆ دواینجار چاوەکانی لێکدەنێ. ڕۆحی شاد خەرمانێک هونەری ڕەسەنی بۆ جێهێشتوین ..

ڕێبوار هەورامی



خانەقین
خولێکی فۆتۆگرافی بەمەبەستی پاراستنی ئاسەوارەکان دەکرێتەوە



خەبات سەربەست برزۆ - فاتمە قاسم حەبیب

گروپی ئەڵوەن گرافی خانەقین بەهاوکاری یەکێتی وێنەگران و ناوەندی وەرزش و لاوانی خانەقین خولێکی فۆتۆگرافییان لە شاری خانەقین کردەوە کە زیاتر لە 40فۆتۆگرافەری کوڕ و کچی شارەکە و شارۆچەی گوڵاڵە تێاییدا بەشدار بون ، ئەڵوەن گرافی گروپێکی مەدەنییە لەپێناو زیندوکردنەوەی هونەری فۆتۆگراف لەناوچەکەدا کاردەکات ، هەروەها بۆ تۆمارکردنی ئاسەوارەکانی خانەقین و ناوچەکە بەچاوی کامیراکانیانەوە ، چونکە ئاسەوارەکانی ناوچەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەناو دەچن ، بۆیە بۆ یادگاری شار چەند وێنەیەکیان هەبێت ،ئەو ئاسەوارانە بۆ ئەرشیفی شار هەوڵێکی جوانە و لە تۆماری یادەوەرییەکانی خانەقیندا تۆمار دەکرێن . جێی ئاماژە پێکردنیشە ئەڵوەن گرافی لە ساڵی 2013لەلایەن هەریەک لە ڕۆژنامەنوسان زەینەب ئەرکەوازی و سەربەست برزۆ و سەروەر عەلی و ئەمیر عەلی و دڵشاد عەبدوڵا هاتە دامەزراند.



شێوەکار بەهار شێرۆانی:
حەز دەکەم جوانترین تابلۆ بکێشم و لە مەزاری نەمران پێشکەشی شەهیدان و قوربانیانی خاکی کوردستانی بکەم



دیمانە: وریشە عومەر

من (بەهار ئەنوەر حەیدەر) ناسراوم بە (بەهار شێرۆانی) دانیشتووی کۆمەڵگای بەستۆردم، دەمەوێت لەڕێگای هونەرەکەمەوە خزمەتی گەل و خاکی کوردستان بکەم، ئەمانە دەستپێکی قسەکانی کچە شێوەکار بەهار شێرۆانی بوو کە لەو دیمانەیەدا بۆ خەبات ئەنجامماندا وە:

*** چ شتێک ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆ ڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟**

-وەکو ئاوێتە بوونی من، بیرو هزرو دڵی خۆم هەمووی تێکەڵ ڕەنگەکان ئاوێتە دەبێیت بۆ ڕازاندنەوە ی تابلۆکانم.

*** ئەو تابلۆیانەی شانازی پێوە دەکەیت چین و بۆکێت کێشاون؟**

- تابلۆی خۆرئاوابوون کە بۆ خانەوادە کەم کێشاومە هەروە ها تابلۆی (پەنجە مۆر، شوێن پێی پێشمەرگە) لە لای من زۆر زۆر تایبەتە زۆر خۆشەویستە بۆ خۆشەویستی خاک و نیشتیمانم.

*** خاوەنی چەند پێشانگایت و لە چەند پێشانگادا بەشداریتکردووە، چەند تابلۆت هەیە؟**

- تا ئێستا خاوەنی هەشت پێشانگای تایبەتیم و زیاتر لە ٣٤ پێشانگای هاوبەشی بەشداربوومە لە شارە کانی کوردستان.

*** بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟**

- بەداخەوە لە بەرئەوەی تا ئێستا نە مامۆستایانی کۆلێژی هونەری یان مامۆستایانی پە یمانگای هونەرە جوانەکان بەرنامەیەکیان بۆ قوتابیان دانەناوە کەوا پابەندبن بە پێشانگای هونەری شێوەکاری هەر بۆیە لە کوردستان زۆر بەکەمی دەناسرێ و نموونەیەک لە سەرخۆم من وە کو تاکە ئافرە تێک لە هەموو کوردستان کەوا پرۆژە ی شوێن پێی پێشمە رگەم کرد کە تایبەت بوو بە برا پێشمەرگە قارەمانە کان بە دەستی خۆم داوەتنامەم برد بەڵام یەک کەس نەهات نە مامۆستایانی هونەری نە قوتابیان زۆر.بەداخەوە ئاخر هونەرمەند بە چی دڵی خۆش بێت یان جارێکی تر کاری هونەری بکات بە ڕاستی زۆرم پێناخۆشە کەوا ئامادە نەبوو بەڵام ئەمانە من سارد ناکاتەوە بەڵکو زیاتر کاردە کەم چونکە ڕە نگ لەگەڵ خوێنما تێکەڵبووە من ئاشقی کارە کەی خۆم

*** پێشمەرگەو شەهید لە کوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟**

- پێشمەرگەو شەهید لە سەرووی تابلۆکانی منە چونکە هەردوو پرۆژەی هونەری یەکەم بە ناوی (پە نجە مۆر ، شوێن پێی پێشمەرگە) تایبەت بوون بەپێشمەرگەی خۆشە ویست و شە هیدە کان.

*** هاوڵاتیان تا چەند تابلۆی خۆمالی واتا بەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟ کڕینی تابلۆ تا چەند هۆکار دەبێت بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری شێوەکاری؟**

- زوربەکەی تابلۆی کوردی و هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن زیاتر کوپی یان سینی بە لای منەوە هیچ جوانییەک و تامێکی نییە ، بەڵام هی خۆمانە مانایەکی تایبەتی هەیە بۆ کورد وە دەبێتە داهاتێک و وایلێدەکات زیاتر کارە کەی لاخۆشەویست بێت زیاتر کار بکات.

*** حەز دەکەیت چ تابلۆیەک بکێشیت و پێشکەشی کێی بکەیت؟**

- حەز دەکەم جوانترین تابلۆ بکێشم لە مەزاری نەمران پێشکەشی شە هیدان و قوربانیانی خاکی کوردستانی بکەم.

*** خەونت چییە؟**

خەونم زۆرە بەڵام هەندیک ئەستەم تاکو ئەم کەسانە لەسەر تەخت بن خە ونی من زیاتر ڕێزگرتنە لە مامۆستایان و هونەرمە ندان بەچاوێکی کەم سەیریان نەکرێت.

*** لە چی نیگەرانیت؟**

- لە چی نیگەرانم ، لە ماندووبوونی خۆم لەم خەڵکە هیچ ڕێز لە ناخی هونەرمەند ناگرن کاتێک دەمەوێت لە شوێنێک خزمەت بکەم بەربەست زۆر دە بێ ڕێگر دێتە پێش چونکە من حەز دەکەم زیاتر لەگەڵ ڕەنگ تێکەڵ بم تا بگەمە ئامانج زیاتر لەم کاربەدە ستانە تورەو نیگەرانم.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

- پرۆژەی داهاتووم ئینشائەڵا پێشانگایەکی تایبەت دەبێ بە ئافرەتان کە نزیکەی لە ٣٠ تابلۆ پێکدێت بە قیاسی جیاوازو بابەتی جیاواز.

*** دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان وەکو هونەرمەندێک چی دەڵێیت؟**

هیوام ڕوونە وە هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیک ئەم خەونەمان بێتە دی کە خەونی چەند ساڵەی میلەتی کورد لە تاکو شەهیدەکانمان بە ئارامی سەر بنێنەوە ، چونکە ئەوان قوربانی یەکەمن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی کوردستان.

بیرو هزر و دڵی خۆم هەمووی تێکەڵ بە ڕەنگەکان ئاوێتە دەبێت بۆڕازاندنەوەی تابلۆکانم

